چەکدارەکان بە جلی کوردییەوە، رۆژانە دەهاتنە ناو دێیەکە، سەرکردەی ئەو گرووپە چەکدارە بۆ سووککردنی رۆح و ئێسکی خۆی و دەستەکەی لای خەڵکی ئاوایی، رووی خۆش و دایم دەم بە خەندە بوو، هەرچی داروو دەستەکەشی بوو، چاویان هەر لەو دەکردو هەندێکیان زۆریان لە خۆیان دەکرد تا کەمێك خەندەی درۆ بخەنە سەر لێویان.

زۆربەیان لە ژێرەوەو بەتیلەی چاو سەیری سمت و سنگی کچ و ژنە دێهاتیەکانیان دەکرد، بەڵام لەقسەو شوێنە قەرەباڵغەکاندا، لە مەجلیس و کۆڕەکاندا، چەکدارەکان زۆر شەرمنانەو زۆر بەڕێزەوە لەگەڵ خەڵکی گوندەکە بەژن و پیاوەوە رەفتاریان دەکرد، هەردەم لەسەر راسپاردەی سەرکردەکەیان گیرفانی شەرواڵەکانیان پڕ دەکرد لە نوقڵ و دەیانبەخشییە منداڵانی دێیەکە. کە پیرێکیان دەبینی بارێکی قورسی پێیە، خێرا





کلاشینکۆفەکەیان دادەناو ئەگەر پێویستی بکردایە تاقمە چوار مەخزەنیەکەی قەدیشیان دادەناو رایان دەکردو هاوکاری پیرەکەیان دەکرد، بارەکەیان لێوەردەگرت و سێ بەسێ تەڵاقیان دەخواردو سوێندیان بەسەری خۆیان دەخوارد کە دەبێ بارە قورسەکە هەڵگرن، بە ئەندازەیەك شادمان و هاوکار خۆیان دەنواند کە متمانەی دێهاتیەکانیان بۆ خۆیان پەیداکردبوو.

خەڵکی ئاواییەکە زۆر بە هەڵسوکەوتی رێکوپێکی ئەم چەکدارانە سەرسام بوون، چونکە ئەوەی ئەوان دەیانبینی تەنها رووخۆشیی و خەندەو پێکەنین و رێزی چەکدارەکان بوو، مام حەمەدەمین کە دوکانێکی بچوکی لە قوڕ دروستکراوی لەبەردەمماڵەکەی کردبۆوە، گەلێ جار بەدەم هەڵگلۆفینی تەزبیحە قەزوانەکەیەوە لەبەر خۆیەوە یا بە موشتەرییە ناسیاوو دۆستەکانی دەگوت: "بڕوا ناکەم ئەوانە جاش بن، ئەوانە زۆر رێکو پێك و بەڕێزن، ئەوان هەر کە من دەبینن بارێکی قورسم پێبێت، لێم وەردەگرن و تا دوکان بۆم دەهێنن، پیاوی چاکن و جاش نین، دەڵێن جاش بچنە

هەرشوێنێك وێرانی دەكەن‌و زۆر بێشەرمانە لەگەڵ خەڵك دەجووڵێنەوە! ئەوانە جاش نین باوكم، خۆ ئەگەر جاشیش بن، ئەوا بە خوا ئەو شتە خراپانەی لەبارەی ئەوانەوە گوتراون، هەموو تراویلكەو درۆن".

خەڵكی دێیەكە بە گشتی هەمان دیدو بۆچوونی مام حەمەدەمینی دوكانداریان هەبوو، بەڵام زۆربەیان دوودڵ بوون دان بەم مەسەلەیەدا بنێن، ئەوان لەلایەك تەنها دیمەنی خراپ‌و قێزەونی جاشیان بۆ باسكرابوو، لەلایەكی تریشەوە زۆریان كوڕ، برا، مێرد یا باوكیان پێشمەرگەبوون‌و دێیەكەیان جێهێشتبوو، لە شاخە بەرزەكانی دەوروبەری ئاواییەكەو زۆرجاریش لە شاخە دوورەكان جێگیرببوون.

جاشەكان، ئەو چەند مانگەی ئەم دێیەیان پێ سپێردرابوو، تەنها بە ڕۆژ دەهاتنە ناوییەوە، تێكەڵاوییەكی باشیان لەگەڵ خەڵكەكەدا پەیدا كردبوو، تا ڕادەیەكی زۆر هۆگری‌و ئولفەتیان لەگەڵ خەڵكەكە پەیدا كردبوو، دێهاتییەكانیش لەبوونی ئەوان ڕاهاتبوون‌و هیچ كێشەیەكیش لەئارادا نەبوو.





جگە لەو چەند تەپۆلكەی كە مۆلگەی خۆیانیان تێدا دانابوو، زۆرجار دەچوونە ماڵەكان‌و خواردنی نیوەڕۆشیان لای ماڵە دێهاتییەكان دەخوارد. ئەوان هەرچەندە دەیانزانی بەشێك لە خەڵكی دێیەكە كەسوكاریان وا پێشمەرگەن‌و لەشاخن، بەڵام هەرگیز خراپەیان بۆ ئەوانیش نەبوو.

ئامیر فەوجی جاشەكان گەلێ جار كە بۆ جاشەكان دەدوا، جامانەكەی دادەگرت‌و هاواری دەكردو نەعرەتەی نێرانەی ئەو، دەوروبەری پڕ دەكردو سوێندی بەسەری سەدام حوسێن دەخوارد ئەگەر بێتو یەكێكیان ڕەفتاری خراپ لەگەڵ خەڵكەكە بە تایبەتیش لەگەڵ ژناندا بكەن، ئەوا فەلاقەیان دەكات، چونكە وەك ئەو دەیگوت:"حەیامان دەچێت، حەیای سەیدولڕەئیسیش دەچێ".

بەڵام نە جاشەكان گوێیان بە قسەكانی ئامیر فەوجەكەیان دەداو نە ئامیر فەوجەكە خۆیشی بە گوێرەی ئامۆژگاری‌و قسەكانی خۆی دەجووڵایەوە.

بەردەوام بە دوای نێچیری خۆیاندا دەگەڕان، ئامیر فەوج لە هەموویان خراپتر، تەواو نوقمی خەیاڵاتی شەهوەتی مێبازی بوو، كە لە ئاوایی

دەچووە دەرێ، کە دەچووە ناو دارو گیاو گوڵی نزیک کانیەکانی دەوروبەری دێ، پیاوێکی دیکە بوو، شەهوەتو حەزو ئارەزووەکانی هاریان دەکردو وەك شێت لە پەنایەکەوە سەیری قاچو سمتو سنگی ئەو کچانەی دەکرد کە ئاویان لە کانی پڕدەکرد. گەلێ جار بە دووربینەکەی دەیڕوانیە ئەو ئافرەتانەش کە بەڕووتی لەسەر کەناری رووبارەکەی دەرەوەی گوندەکە خەریکی جل شۆرین بوون یا خۆیان یا منداڵەکانیان دەشۆری.

ئەمە بووبووە شتێکی رۆتینو رۆژانە.. ئەو، هەموو رۆژێكو بەردەوام لە دەوروبەری دێیەکە بەشێك لە کچانو ژنانی دێیەکەی بە ڕووتی دەبینیو هالاوی مێبازی لە دەمو جەستەی بەرزدەبووەوە، بە خەیاڵ خۆی لێیان تێر دەکرد.. کە دەهاتەوە ناو دێیەکەش پیاوێکی ماقووڵو قسەخۆشو سەنگین بوو، هێمنو لەسەرخۆ، وەك باوکێکی میهرەبان لەگەڵ منداڵانی دێ دەجووڵایەوە، وەك برای کچو ژنەکانو کوڕی پیرەکان خۆی دەنواند، خەڵکەکەش کە بەهیچ کام لەو رەفتارە نهێنیانەی ئەویان نەدەزانی، بە پیاوو ژنو




منداڵەوە زۆر رێزیان لێدەناو تەنانەت لەبەر خاتری ئەو، بەچاوێکی ترەوە سەیری جاشیشیان دەکرد.

ئەکرەمە رەشی ئامیر فەوج، لە پەنا ئەو رێزەی لەناو خەڵکەکە بۆ خۆی دروستی کردبوو، دەیویست حەزەکانیشی تێر بکات، لای خۆی بڕیاریدابوو هەر چۆنێك بێت رۆژێك لە رۆژان چ لەسەرکانی یا لەناو بەردەلانو دارو درەختو گیاو گوڵی نزیك رووبارەکە، خۆی بگەیەنێتە "کیژان"و ئاشنایەتیی لەگەڵ پەیدا بکاتو ئەگەر بۆی کرا لەگەڵیشی رابوێرێ. کیژانیش کچێکی عازەبی تا بڵێی جوانو ناسكو خوێن شیرین بوو، کوڵمە سوورەکانی کە لە سێوە لا سورە دەچوو لەگەڵ قژە زەردە خاوەکەی کە لەبەر تیشکی هەتاو دەبریسکایەوەو هەردەم لە دواوە دەیبەست، زیاتر سەرنج راکێشیان کردبوو، هەرچەندە جاشەکان چاویان تێبڕیبوو، بەڵام لەبەرئەوەی دەیانزانی ئامیرەکەیان حەزی چووەتێ و بەدوایدا وێڵە، بۆیە کەس توخنی نەدەکەوت. ئەکرەمە رەشیش گەلێ جار لەسەر کانی لەپەناوە سنگو نێوان مەمکۆڵەکان یا قاچو رانی کیژانی دەبینی کاتێك خەریکی

ئاوپڕکردن بوو، بۆیە ئەو نرخی ئەو کچەی دەزانیو تەواو بۆی شێتو هار ببوو.

ئەو کانیەی کە بە زۆری کیژانی بۆ دەچوو، جگەلەوەی لە دەرەوەی دێیەکە بوو، بە هەندێك دارو درەختو رووەکی ژاڵەو قامیشێکی زۆریش دەوردرابوو، جریوە جریوی باڵندەکان کە بەسەر لقو پۆپی درەختەکانەوە هەڵدەنیشتن، گەلێجار ئاوازێکی دڵخۆشکەرو هەندێ جاریش کاتێك تێکەڵ بە ئاوازی لاوانەوەی ئەو کچە عازەبانە دەبوو کە بۆ بەخەسارچوونی تەمەنی خۆیان دەیانگوت، دڵو ویژدانی دەهەژاندو خەمێکی قوڵی دەخستە ناخی ئەو کەسەی گوێی لێدەبوو.

ئامیرەکە هەموو جارێ بۆ سەیرکردنی کیژان دەبووایە زۆر لە نزیکی کانیەکە پەنایەك بدۆزێتەوەو خۆی تێدا مەڵاس بدات، چونکە زۆریو چڕیی ئەم رووەکانە، بینینیان زەحمەت کردبوو.

نیوەڕۆیەك ئەکرەمە رەش وەك رەفتاری هەمیشەیی خۆی، لەسەر یەکێك لە تەپۆلکەکان بە دووربینەکەی سەیری جموجۆڵی کچانو ژنانی گوند دەکات، کە سەیری یەکێك لە تولە رێگاکانی دێ دەکات،




دەبینێ کچێك وا بەتەنیا بەرەو ئەو کانیە دەچێت کە بە زۆری کیژانی بۆ دەچێتو تەنەکەیەکیشی بەدەستەوەیە، بۆیە خێرا بێئەوەی جاشەکانی هەستی پێبکەن، تفەنگەکەیو تاقمەکەیو جامانەو کڵاوەکەشی دادەنێت، بەپەلە، بە کەیفو سەفایەکی زۆرەوەو بەدەم بادانی تەزبێحەوە بەرەو هەمان کانی مل دەنێ.

وەکو جاران لە نزیکەوە لە ناو قامیشو ژاڵەدا پەنایەك بۆ خۆی دەدۆزێتەوەو سەیر دەکات دەبینێ ئەوە هەر کیژانە هاتووە، وا ئاگرێکی کردۆتەوەو ئاو گەرم دەکاتو تاو تاوێکیش بە دارو چیلکەی وشك ئاگرەکە خۆش دەکات، قژە زەردەکەشی کردۆتەوەو وا شانەی دەکات، زۆری پێنەچوو دوای ئەوەی چەند جارێك سەیری دەوروبەرەکەی کردو لەوە دڵنیابوو کە جگە لە چاوی باڵندەکانو هەیبەتی درەختەکان، چاوی کەسی لەسەر نییە، کیژان کراسەکەی داکەندو بە رووتی لەسەر بەردێکی نزیك لە ئاوە گەرمەکەو کانیەکە دانیشتو دەستی کرد بە خۆشۆرین.

ئەکرەم تا دەهات زیاتر شێتو هار دەبوو، لێدانی دڵیشی خێراتر دەبوو، دیمەنی کیژان

بە رووتی ئەوی سەرسامو مەست کردبوو، شپرزەو پەرێشان، پەڕەکانی گوێی گەرم ببوو، بە وردی دەیڕوانیە ئەندامەکانی لەشی، دیقەتی مەمکۆڵە تورتەکانی دەدا کە وەك کافوور سپی بوون، لەو جانەوەرە دڕندەیەی خراپتر بەسەر هاتبوو کە لە پەناوە دەڕوانێتە نێچیرەکەی‌و ئێستا یا کەمێکی‌تر هێرشی دەکاتە سەرو دەیکاتە ژەمێکی خۆی، تینی شەهوەت زۆری بۆ هێنا، دۆش داما چیی بکاو چیی نەکا، لەداخی بینینی ئەو پەریزادە رووتە بە هێمنی پێی لە زەوی دەکوتاو حەسرەتی هەڵدەکێشا.

حەزو ئارەزووەکانی زۆریان بۆ ئەو هێنابوو، بەڵام دانی بە خۆیدا گرت، بیری کردەوە ئەگەر ئێستا بچێ بە زۆر لەگەڵ کیژان رابوێرێ، ئەوا کچەکە لێی قبوڵ ناکاو ئابڕوویشی دەبات، دواجار دێهاتییەکان لێی دێنە دەنگ‌و ئەگەر خۆیشیان هیچ نەکەن ئەوا پێشمەرگە ئاگادار دەکەنەوەو دواجار رەنگە بکوژرێت یا تووشی بەزمێکی گەورە ببێت، زۆر تاسا، بیرکردنەوە لەو ئەگەرە خراپانە روخسارییان زیاتر رەش کردبوو، بەڵام دیمەنی رووتی





کچەکەشی لەبەرچاو بوو کە خەریکی خۆشۆرین بوو.

خۆی گەیاندە ئەو باوەڕەی کە دەبێ هەر ئێستا خۆی نیشانی کیژان بدات‌و مەراقەکەی دامرکێنێ، بەڵام واخۆی بنوێنێ کە بەڕێککەوت رێی کەوتۆتە کانیەکەو نەیزانیوە ئەوی لێیە هەرچەندە ئەمەش کارێکی ئەستەم بوو. تا دەهات روخساری رەشتر هەڵدەگەڕا، لێدانی دڵی خێراترو هەناسەیشی تەنگتر دەبوو، دیمەنی کچەکە بەڕووتی هەراسانی کرد، دەستێکی بەدەموچاوی خۆیدا هێناو هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، جارێکی‌تر لە سنگ‌و مەمك‌و سمتی سپیی کیژان وردبووەوەو سەیرێکی جلەکانیشی کرد کە لەسەر بەردەلانەکەی دەوروبەری خۆی هەڵی خستبوون. لەگەڵ سەیرکردنی، بەهێواشی سەری بادەداو ددانی لەیەکتر گیر دەکردو گازیشی لە لێوی دەگرت، بڕێك جورئەتی کۆکردەوە.

تەزبیحەکەی دەستی خستە گیرفانی شەرواڵەکەی، بە دوودڵی‌و دڵەڕاوکێیەکی زۆرەوە، وردە وردە لە پەناکەی دەرهات‌و لە تەنیشتەوە رووەو کچەکە چوو، شپرزەو

پەرێشان سەیری دەوروبەری دەکردو وردە
وردەش لەسەرخۆ بەرەو کیژان هەنگاوی دەنا،
لەگەڵ دەنگی خشەخشی قامیشو ژاڵەکانو
ئحمە ئحمی ئەکرەم کە خۆیشی وا نیشان دەدا
هێشتا ئاگای لە کچەکە نییە، کیژان کە ئەوی
بینیو ناسیەوە، راچڵەکیو خێرا کراسەکەی
هەڵگرتو سنگو مەمكو لای خوارەوەی
لەشی پێ داپۆشتو بە تووڕەییەوە هاواری
کرد: " بۆ کوێ کاکە؟! ئەوە نابینی ئافرەتی
لێیە؟ ئێرە کانیی ژنانە چیی دەکەیت لێرە؟".

ئەکرەم کە تاوێك سەیری رانو
تاوێکیش سەیری شانو ملی رووتو
پرچی تەڕی کچەکەی دەکرد، خۆی
حەپەساو نیشانداو هەردوو چاوەکانی
زەقکردەوە وەك بڵێی پێی نەزانیوە یا
حەزی نەکردووە بەسەر ئەم دیمەنەدا
هاتووە، رووی بەلایەکی دیکەدا وەرگێڕاو
بەدەنگێکی لەرزۆکەوە شەرمنانە وتی:"
بمبورە خوشکەکەم، نەمزانی خەڵکی
لێیە، وامزانی چۆڵە".

ئیتر رۆیشت، ئەوەی مەبەستی بوو
هێنایەدی، ئەکرەم دەیویست کیژان بزانێ
کە ئەو بەڕووتی بینیویەتی، بۆ ئەوەی





رێگا خۆشبێ بۆ جارێکی دیکەو بۆ
دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵیدا.

* * *

شەوانە کۆمەڵێکی دیکەی چەکدار روویان دەکردە ناو گوندەکەو دەبوونە میوانی ناوەختی ماڵە دێهاتی‌یەکان، ئەم چەکدارانە جلەکانیان شڕو پیس‌و ناڕێك بوو، زۆربەیان ریشن، بەردەوام هیلاك‌و رەنگ هەڵبزرکاوو ماندوو دیاربوون‌و وا دەردەکەوتن کە لە شوێنێکی دوورەوە دێن، هەر جارێك کە دەگەیشتنە گوندەکە، غەڵبەغەڵبێکی زۆریان دروست دەکردو گەورەو بچوك دەهاتنە بەر دەرگای ماڵەکانیان بۆ سەیر کردن، بەشێکیان کلاشینکۆف‌و هەندێکیشیان جۆری چەکەکەیان ژێ سێ بوو، رادیۆیەکی بچوك‌و مەتارەی ئاوو کۆڵەپشت‌و تاقمە شەش مەخزەنی‌و نارنجۆکەکانی قەدیان، باری ئەوانی قورستر کردبوو و زیاتر هیلاکی کردبوون، بەڵام پێنەدەچوو گوێ بەم هیلاکیە بدەن، چونکە هەر کە دەبوونە میوانی ماڵەکان‌و بارەکانیان دادەنا، شادی‌و



گەشبینی، کەیف خۆشی بە روخساری زۆربەیانەوە دەردەکەوت‌و هەریەکەیان، جگە لە هەندێکیان کە لە دەرەوە بۆ ئەرکی پاسەوانی دەمانەوە، بەشتێکەوە خۆیان خەریك دەکرد. بەشێکیان وێنەیەکی بچوکی دڵدارەکەیان دەردەکردو کەمێك لەبەر رووناکیی چراکان تێی رادەمان‌و بە وەبیرهاتنەوەی ئەڤین‌و روخساری خۆشەویستەکانیان، سەرمەست‌و حەیران دەبوون‌و دڵیان ئاوی دەخواردەوە، یەکێکی دیکەیان وێنەی منداڵەکەی‌و ئەوی‌تر هی دایك یا باوك‌و یا برا یا هاوڕێیەکی شەهیدیان لە رووناکیی چراکان نزیك دەکردەوەو تێر لێی ورد دەبوونەوە تا بە تەواوی فرمێسك دەزایە چاوانیانەوە.

بەشێکی دیکەی چەکدارەکان، خەریکی رێکخستن‌و توندوتۆڵ کردن‌و قایم کردن‌و پاککردنەوەی تاقم‌و چەکەکانیان دەبوون‌و هەندێکیشیان پشتیان بەسەرینێکی پەڕ دەداو روویان بەرەو ئاسمان‌و خەریکی رادیۆکانیان دەبوون‌و گوێیان بۆ هەواڵەکانی ئێزگەی شۆڕش قولاغ دەکردو زوو زووش بە هۆی تەشویشەوە نێوچاوانیان دەدا بەیەکداو

زۆریان مەراق دەخواردو رووی رادیۆكانیان جارێك بەرەو باكوورو جارێكیش بەرەو رۆژهەڵات وەردەگێڕا.

هەندێكی دیكەی چەكدارەكان كە سەرتیپەكەشیان لەگەڵدا بوو، لەگەڵ ریش سپی و پیاوماقووڵانی دێ هەر جارەی لە ماڵێك كۆدەبوونەوەو مەجلیسیان گەرم دەكرد، ئەوانە زیاتر باسی مەسەلەی جددیان دەكرد وەك ئیش و كاری جوتیاران و بەروبووم و كێشە كۆمەڵایەتیەكان و باری شۆڕش و مەسەلەی جاش و سەربازو خاڵەكانی پشكنین.

خەڵكی دێیەكە بە بوونی پێشمەرگە لە گوندەكەیان و ماڵەكانیان راهاتبوون و هەندێكیان بە خۆشی و لەدڵەوەو بەشێكیشیان بە نابەدڵییەوە خزمەتیان دەكردن و خواردنیان بۆ دادەنان.

بوونی ئەم گرووپە بەشەوان لەناو گوندەكەدا بووبووە شتێكی رۆتین و بەلای بەشێك لە خەڵكەكەوە بە تایبەتی ئەوانەی كەسوكاریان پێشمەرگەبوو، مایەی دڵخۆشی بوو.

پێشمەرگەكان وەك میوانی ناوەخت بۆ نان خواردن دەچوونە ماڵەكان و بۆ پشوودان و





خەوتن دەچوونە مزگەوتی گوندەكە، بەڵام بۆ كەمكردنەوەو نەهێشتنی بێزاری و پرتەو بۆڵەی هەندێ لە خەڵكەكە خۆیان رووخۆش نیشان دەداو هەردەم هەوڵیان دەدا روخسارە چڵكن و ریشنەكانیان گەش و كەیف خۆش دەركەوێت. لەگەڵ منداڵان دەدوان و حەكایەت و ئەفسانەو قسەی خۆشیان بۆ دەگێڕانەوە، ئەوان وەك جاشەكان گیرفانیان پڕ نەبوو لە نوقڵ، لەبری ئەوە هەندێكیان منداڵەكانیان فێری بەكارهێنانی چەك دەكردو ئازایەتی پێشمەرگەیان بۆ دەگێڕانەوە. هەندێكیشیان بە منداڵەكانیان دەگوت كە نابێ هەرگیز رۆژێك لە رۆژان بیر لە چەك هەڵگرتن و پێشمەرگایەتیی بكەنەوەو نابێ توخنی ئەم شتانە بكەون و دەبێ بخوێنن، چەك هەڵگرتن و پێشمەرگایەتی و چوونە شاخ عاقیبەتی خراپەو راكردنە بە دوای كڵاوی بابردوو.

هەر شتێكیان بۆ خواردن بۆ دابنرایە كە بە زۆری ساوەر، ماست و چای، شۆربای نیسك و تەماتەو پیاز بوو، ئەوان پێی رازی دەبوون و چەندین جار زۆر لە ناخەوەو زۆر بە جدی دەستخۆشیان لە كابانەكە دەكردو خۆیان بە قوربانی ئەو دەستە دەكرد كە خواردنەكەی بۆ

ئامادەکردوون، کە تەواویش دەبوون، ڕێگەیان نەدەدا خانەخوێ سفرە کۆبکاتەوەو سوێندیان بە خوێنی شەهیدانی کوردستان دەخوارد کە دەبێ ئەوان خۆیان ئەم کارە بکەن، هەندێ جار بەوەندەش نەدەوەستانو گسکێکیان دەهێنا یا بە زۆر لە دەستی خانەخوێیان وەردەگرتو خۆیان شوێنەکەیان پاك دەکردەوەو گسکیان دەدا.

سەرتیپی پێشمەرگەکان کە بە ئالان ناسرا بوو، زۆری حەزدەکرد لە هەموو ئەو شەوانەی کە دێتە ناو دێیەکە، لە ماڵی حاجی ڕەشیدی ریش سپیی ئاوایی لابداو ببێتە میوانی ئەوانو بۆ خەوتنیش هەر لەوێ بمێنێتەوەو نەچێتە مزگەوت، چونکە ئەوان خواردنی باشترو خۆشتریان بۆ دادەنانو زیاتر خزمەتیان دەکردنو هەروەها لەبەرخاتری بەهار–ی کچی گەورەی ماڵ کە پێشتر یەك دوو جار لەوێ بینیبووی‌و حەزی لێکردبوو.

حاجی ڕەشید تەنها سێ کچی هەبوو، بەهار کچە گەورەکەی بوو کە ئەویش بەهۆی ئیش‌و کاری لادێوە وەك زۆربەی کچانو ژنانی دێهاتەکانی کوردستان، شەرواڵی پیاوانەی لەپێ دەکرد چونکە لە جلی ژنانە گورجترو





گونجاوتر بوو بۆ ئیش‌و کار، پێستی کوڵم‌و لووتیشی هەتاو بردبووی، لەبەر ئەوە خاڵە ڕەشەکەی سەر کوڵمی لای چەپی بە جوانی دەرنەدەکەوت، بالای بەرزو باریك بەڵام شەرواڵەکە دیمەنێکی خڕو کورتی پێبەخشیبوو، ئەوەی زیاتر مایەی سەرنج بوو لەبەهاردا، چاوە هەنگوینیە پڕ لە حەسرەتەکانی بوون، ئەوەی سەیری بکردایە دەیزانی ئەم جووتە چاوە پڕە لە میهرەبانی‌و نهێنی‌و دەمێکە بەدوای یەکێکدا دەگەڕێ ڕازە قوڵپدراوەکانی ناو سینەو ناخ‌و هەناوی پێ بڵێت، لەچاوەکانی بەهاردا هەمان دیرۆکی کچانی کۆمەڵگەی کوردەواریی دەخوێندرایەوە، ژانێك بەدیی دەکرا کە هەڵقوڵاوی ڕۆحی بریندارى کچێکی پڕ لە حەزو شەهوەو لە هەمان کاتدا شەرمن‌و سەنگین بوو.

ئالان گەنجێکی قیت بوو، زۆر بە تەمەندا ڕۆنەچووبوو، سێ منداڵەکەی‌و هاوسەرەکەی لەشار جێهێشتبوو چونکە بۆی نەدەکرا وەك بەشێك لە فەرماندەکان بیانهێنێتە دێهاتەکان.

زیاتر لە ساڵێك بوو هیچ کامیانی نەبینیبوو، ئەوەندە نەبێ لەرێی نامە یا

هاتووچۆی خزمو ناسیاوانەوە هەواڵی ماڵو منداڵەکەی بۆ دەهاتو دەیزانی کە گوزەرانیان چۆنەو لەگەڵ مەکتەبیش چۆنو ئیتر بڕێك لە مەراقو غوربەتی بێ سنووری دادەمرکایەوە، روخساری هیچیانی لە خەیاڵدا نەمابوو، بەردەوام بیری لێدەکردنەوەو خەمی بۆ دەخواردن، ئاهو حەسرەتی بۆ هەڵدەکێشان، دووریی ئەوان زۆری ئازار دەدا، کزو زەبونی کردبوو، بەڵام کە دەهاتە دێو لە ماڵی بەهار لای دەدا، ئیتر وەك ئەوەی لە خەوێکی تەلیسماوی رابچەنێ، ئەوانی بیر نەدەماو تەنها ئەو کچەی لە خەیاڵدا بوو.

بەهار چەند جارێك ئالانی بینیبوو، هەستی دەکرد سەیرکردنو مامەڵەکردنی ئالان لەگەڵ ئەودا گەلێ لە مامەڵەو دواندنی پێشمەرگەکانی دیکەو خەڵکانی تریشدا جیاوازە، تێبینیی نەرمونیانیی ئەوی دەکرد، بەڵام هیچ کەسیتر هەستی بەوە نەکردبوو.

شەوێکیان کە پێشمەرگەکان تازە دابەزیبوونە ناو دێیەکە، ئالانو یەك دوو پێشمەرگەی هاوڕێی وەکو زۆربەی شەوانی دیکە کە دەهاتنە ئەوێ، لایاندایە ماڵی حاجی رەشید، ئەو شەوە پێشمەرگەکان چەند




هێسترێکیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو کە بەشێکی بارەکەی خۆیانو هەندێ پێخەفو چەکی وەك هاوەنو ئاربیجیان لێ بارکردبوون.

ئەم هێسترانە لە خاوەنەکانیان هیلاکو برسییتر بوون، پێویستیان بە حەوانەوەو ئالیك هەبوو، بۆیە ئالان بەرلەوەی هیچ شتێك بکات، داوای لە حاجی رەشید کرد رێگەی پێبدا چوار هێسترەکە بەرێتە گەوڕەکەی ئەوان، ئەویش خێرا بانگی بەهاری کردو پێی وت: "بەهار ئەم هێسترانە ببە گەوڕەکەو ئالیکیان بدە، کاك ئالانو برادەرانی هیلاكو ماندوون".

بەهار بێئەوەی سەیری ئالانو باوکیشی بکات، بە مەکرەوە گورج جڵەوی دووان لە هێسترەکانی گرتو بەرەو گەوڕەکەی بردن، ئەو کاتەش حاجی رەشید رووەو دەرگای ماڵەوە رووی وەرگێڕاو داوای لە ئالانو دوو پێشمەرگەکەی تریش کرد بچنە ژوورەوەو پشوو بدەن، بەڵام ئالان چەکەکەی دایە یەکێك لە پێشمەرگەکانیو جڵەوی دوو هێسترەکەی تری گرتو بێ ئەوەی وەڵامی حاجی رەشید بداتەوە، وتی: "ئێوە بڕۆن ئیسراحەت بکەن، با جارێ من هێسترەکان تێر ئالیك

بکەم چونکە بەیانی سەفەری دوورمان دەبێت". ئینجا رووی کردە ئەو پێشمەرگەیەی کە چەکەکەی خۆی دایەو داوای لێکرد ئەویش بچێتە ژوورەوەو ئیسراحەت بکات.

هەردوو هێسترەکەی تری برد بۆ گەوڕەکە، کە بەهار لەوێ ئەوی بینی، تەواو شڵەژاو لەشەرما هەناسەی تەنگ بوو، دڵی کوتە کوت لێی دەدا، هێزی لە دەستو ئەژنۆدا نەماو روخساری هەڵبزرکا، تاوتاوێکیش لەگەڵ هەڵاوێردکردنی ئالیکی ناو ئاخوڕەکە، بە نازەوە دەنووشتایەوەو هەڵدەستایەوە. ئالان کە هەستی بە شڵەژانی بەهار کرد، لەسەرخۆو بەهێمنی لێی پرسیی:" بەهار خان ئالیکەکە لە کوێیە بچم هیتر بهێنم؟".

بەهاریش بێئەوەی سەیری بکات چونکە دەیزانی نیگاکانی ئەوی لەسەرەو گەلێ کاریگەریشیان لەسەری دەبێ، بەدەم خۆخەریك کردن بە رێکخستنی ئاخوڕەوە بەپەنجە ئاماژەی بۆ سوچێکی گەوڕەکە کرد کە چەند گونیەیەکی گەورە بەسەریەکەوە دانرابوون:" ئەوەتا.. گونیەکەی سەرەوەیان بهێنە".





ئەویش کە بەهەمان شێوەی بەهار لەرزۆك‌و شڵەژاو بوو، لەسەرخۆ بەمەندی گونیە ئالیکەکەی هێناو بەیەکەوە ئاخوڕەکەیان لێ پڕکرد. بەردەوامیش نیگاکانی لەسەری بوون، زۆر بەوە ئاسوودە بوو کە لە نزیکەوە دەڕوانێتە بەهارو تەواویش لێی وردبۆتەوە، دیقەتی لامل‌و گەردنی‌و لێوی دەدا، هەرچەند جارێکیش بەهار سەری هەڵدەبڕی، دەیبینی ئالان نیگای پڕ لە شەهوەت‌و شەرمی لەسەر ئەوە، بۆیە دڵی بەیەکجار داخورپاو تووشی دڵەڕاوکێ بوو و زیاتر هەناسەشی تەنگ بوو، ترسێکی زۆری لێ نیشتبوو، خۆیشی نەیدەزانی چۆن کارەکەی دەکات، بۆیە لە پڕێك کە ئالانیش چاوەڕوانیی شتێکی وای نەدەکرد، بەهار بەڕوویدا تەقییەوەو کەمێك بە دەنگی بەرزو لەرزۆك‌و بە هەناسەبڕکێوە وتی:"کاك ئالان تکات لێدەکەم تۆ بڕۆ ئیسراحەت بکە، من خۆم هێسترەکان ئالیك دەدەم، ئەوە زەحمەت نییەو کاری رۆژانەی منە. تکات لێدەکەم با یەکێك لێرە بەیەکەوەمان نەبینێ، ئابڕوومان دەچێ...".

هەرچەندە بە هۆی ژیانی پێشمەرگایەتیەوە لە هیچ شتێك شەرم‌و سڵیشی نەدەکردەوە،

رووی قایم بوو، بەڵام ئەمجارەیان هیچی بۆ نەگوترا، لە تێڕامانی و دیقەتدانی کچەکە راچەنی و یەکسەر چاوەکانی خوێنیان تێزا، رەنگی سوور هەڵگەڕا، بە بێدەنگی دەستی لە ئیشەکە هەڵگرت و بە هەنگاوی سست، زەلیل و خەمبار بەهارو گەورەکەی جێهێشت و گەڕایەوە لای حاجی رەشیدو دوو پێشمەرگەکەی هاوڕێی. ئەو شەوە ئالان نانی بۆ نەخورا، قسەیەکی ئەوتۆشی پێنەکراو بە قسە خۆشەکانی حاجی رەشیدیش پێنەکەنی و کەیفساز نەبوو، زۆر بیری کردەوەو خەمو مەراقی زۆری خوارد، چونکە هەم لە بەهار بێ ئومێد بوو، هەم بیری منداڵەکانیشی کەوتەوە کە دەمێکە نەیبینیون، تا بەرەبەیان خەو نەچووە چاوانی، لەسەر جێگاکەی بۆ چەند ساتێك بە بێدەنگی دەگریاو جارجارێکیش سەیری روخساری هاوڕێ پێشمەرگەکانی دەکرد کە لە نزیکی خەوتبوون، ئەمجارەیان خەمی بۆ حاڵی خۆی دەخواردو زیاتر فرمێسکی هەڵدەڕشت و هاوڕێ پێشمەرگەکانی دیکەشی دەهاتەوە یاد کە هەندێکیان لە شەڕەکاندا شەهید بووبوون و هەندێکی تریشیان تێیان قووچاندبوو




تەسلیمی حکومەتی بەغدا بووبوونەوە یان چووبوونە ئێران و ئەوروپا.

بەهار تا درەنگانی شەو نەخەوت، گێژو وڕ، گەلێ بیری لە قسەکەی کردەوە کە بە ئالانی وت، زۆر هەستی بە پەشیمانی دەکرد، پێی وابوو دڵ و ناخی ئەوی بە خۆڕایی بریندار کردووەو زوڵمێکی گەورەی لە خۆی و لەویش کردووە، چاوەڕێی دەکرد لەگەڵ سپێدەو هەر کە خۆرهەڵات هەلێك بدۆزێتەوە دڵی ئالان سارێژو چاك بکاتەوە. بەهار داینابوو کاتێك بەیانی دادێ و خۆر هەڵدێ، ئەگەر هەلێکیش نەڕەخسا قسە لەگەڵ ئالان بکات و بیدوێنێ، ئەوا لە دووریشەوە بێت بە نیگاکانی، حەسرەت و ئاخ هەڵدەکێشێ و هەر چۆنێك بێت لە ئالان دەگەیەنێت کە لە قسەکانی دوێنێ شەوی پەشیمانە، داینابوو بە مەکرو جوڵەو رەفتارەکانی ئەوە بۆ ئالان روونبکاتەوە کە ئەوەی شەو روویدا، جارێکیتر دووبارە نابێتەوە. ئیتر بەدەم ئەو بیرکردنەوانەوە بەهار خەوت.

کە خۆرهەڵات، نە ئالان و نە پێشمەرگەکانی دیکە لە دێیەکە نەمابوون. بەهار رایکردە گەوڕەکە، بەڵام هێسترەکانیش لەوێ نەمابوون،

هـەموویان وەك جـاران بـەر لـە خۆرهــەڵاتن، ئاواییەکــەیان جێهێشــتبوو. قــوڵپی گریــان زۆری بـۆ هێنــا، فرمێســك زایــە چــاوەکانیو هێـزی لـە ئـەژنۆدا نـەما، پشـتی بـە دیـواری گەورەکەداو لە شوێنی خۆی دانیشت، کەمێك بێـدەنگو بـێ جوڵـە بـیری لـە خـۆیو ئـالان کــردەوە، فرمێســك بــە چــاوەکانیدا هاتــە خوارەوەو خۆی بۆ نەگیرا، دایە پرمەی گریان.

* * *




ئەکرەمە رەش خەیاڵو بیرو هۆشی هەر لای کیژان بوو، بیری لەو دەکردەوە بە تایبەتی کە بــەڕووتی لەســەر کانیەکــە بینیبــووی، ئــەو دەمانە کە تەواو خەیاڵی دەچووە سەر دیمەنی رووتــی کیــژان، هــەردوو چــاوی دەنوقانــدو تـەزووی لـەزەتی مێبـازی لـە لەشـیدا دروسـت دەبــوو هــەروەك روخساریشــی لــە خۆشــیان دەگەشـایەوە، چـونکە پێـی وابـوو هـەنگاوێکی گەورەی بڕیوە بۆ پێگەیشتنی.

کیژان، سێ براو خوشکێکی هەبوو، یەکێك لــە براکــانی لەشــارەکانی خــوارووی عــیراق سـەربازبوو، یەکێکیشـیان لـە کـەرکوك قوتـابی بــوو، ئــەوی دیکەشــیان کــە لــە هــەموویان بچوکتربوو، بە رۆژ لەگەڵ باوکیـان دەچوو بۆ سەر شینایی، ئیتر ئاو هێنانو جل شۆرینیش بـە زۆری کـاری کیـژان بـوو، لـە کـانی ئـاوی خواردنەوەشــی بــۆ ماڵــەوە دەبــرد، بــەڵام لــەو رۆژەوەی ئەکرەمە رەش بە رووتی لەسەر کانی

بینیبووی، هەستی دەکرد حەیاو ناموسی لە دەستداوەو وەك ئەو ئافرەتانەی لێهاتووە کە هەموو شتێك لەگەڵ پیاواندا دەکەن.. هەستی دەکرد چیتر ئەو کچە خانومانو سەلارەی جاران نییە کە باوكو براو خوشکەکەشی سوێندیان بەسەری دەخوارد، دڵ بریندارو غەمگین بوو، ئەگەرچی خۆی هیچ تاوانێکی لەم شتەدا نەبوو، تەنها ئەوەندە نەبێ لە کانیەکە خۆی شتووە، بەڵام بە بۆچوونی ئەو خیانەتی لە باوكو براکانی کردبوو، لە ماڵەوەش شەرمی دەکرد بەرامبەر باوك یا برای سەر هەڵبڕێ، لە دەرەوەش لای دەرودراوسێکانی یا دەستە خوشکەکانی، رەفتارو هەڵسوکەوتەکانی گۆڕیبوو، کەمتر قسەی دەکردو پێدەکەنی، خەمبار خۆی دەنواندو خۆی تووشی جۆرێك لە دابڕانو خۆ بەکەم زانین کردبوو. هەرچەند جارێك کە لەناو دێیەکە، یا لەسەر رێی کانی ئەکرەمی دەبینی، سەری شۆڕدەکردو وا خۆی نیشان دەدا کە نەیدیوە، چیتریش بە تەنیا نەچووە سەر کانی، یا یەك دووانێك لە دەستە خوشکەکانی لەگەڵ دەبوون، یانیش خوشکە بچوکەکەی دەبرد.




ئەکرەمە رەش بە هۆی کیژانەوە ژنو منداڵەکانی بیر نەمابوو، هەستی دەکرد تازە وا گەنج بۆتەوەو یەکەمجارە دڵداری دەکات، پرچو سمێڵی هەردەم رەش دەکردەوەو نەیدەهێشت تاڵی سپیی تیا دەرکەوێت، هەر کە هۆشیشی دەچووە سەر کیژان یا لە دوورەوە دەیبینی، شانەیەکی بچوکی لە باخەڵی کورتەکەکەی دەردەکردو قەفەی سمێڵی پێ دادەهێنا.

یەك دوو جار لە دەرەوەی دێیەکە، لە دوورەوە بە دوای کیژاندا دەچوو تا دەگەیشتە لای کانی، بەڵام هیچی پێنەدەکرا، چونکە کیژان هەر خۆی بە تەنیا نەبوو، چەند دەستەخوشکێکی لەگەڵدابوون.

ئەکرەم تەواو گیرۆدەی کچەکە بوو، زۆر هەوڵیدا هەلێك بدۆزێتەوە بۆ قسەکردن لەگەڵی، زۆری خۆ هێناو برد، زۆرجار رێگاکانی کانی دەگرتە بەرو دەچووە کانیەکەو وەك جاران لەنێو قامیشو ژاڵەدا خۆی مەڵاس دەدا، بەڵام جارێکیتر نەیتوانی کیژان بە رووتیو تەنانەت بە تەنهاش ببینێ.

هەستیکرد ئەم هەوڵانەی هەموو بێهودەن، وێڵبوونی بە دوای کیژاندا ئەنجامی نییە، بۆیە

گەلێ جار لە داخو مەراقا جڵەوی خۆی لە دەست دەداو هەم لەگەڵ خەڵکی دێیەکەو هەم لەگەڵ جاشەکانیشی مامەڵەی دەگۆڕاو هاواری بەسەردا دەکردنو بە توندی ڕەفتاری لەگەڵدا دەکردن بێئەوەی خۆیشی هەستی پێ بکات، روو گرژو زیاتریش ڕەش داگەڕابوو، خەندەو پێکەنینی لەگەڵ خەڵکی دێ تەرك کرد، هەر قسەیەکی لەگەڵ جاشەکانی بکردایەو هەر فەرمانێکی بەسەردا بسەپاندبانایە، پێی لە عەرز دەکوتیو بەدەنگی بەرز قسەی دەکردو دەینەڕاند، سوێندی بە سەری سەیدولڕەئیس دەخوارد.

جاشەکانو خەڵکی ئاواییش نەك هەر هەستیان بە گۆڕانی ڕەفتارو هەڵسوکەوتی ئەکرەم کردبوو، بەڵکو زۆریش بێزاربووبوون، دادوبێدادیان بوو لەدەستی، بە تایبەتی خەڵکی دێیەکە، تا دەهاتن لە ڕەفتاری ئەکرەمە ڕەشو جاشەکانی ناڕەحەتو تاساوو بێزاردەبوون.

مام حەمەدەمینی دوکاندار کە ئاگاداری هەموو وردەکاریو گەورەو بچوکێکی ئاوایی بوو، گەلێ جار بەدەم ژماردنی دەنکی تەزبێحە قەزوانەکەیەوە لەبەرخۆیەوە یا بە موشتەرییە





ناسیاوو دۆستەکانی دەگوت:"ئەوانە جاشەکانی چەند هەفتەی پێش ئێستا نین، جاشەکانی جاران زۆر باش بوون، نەرمو حەلیمو کوڕی خاس بوون، ئەوانە تەواو گۆڕاون، بڕوا ناکەم ئەوانە هەر جاشیش بن".

کەشوهەوای کوردستان بەرەو پاییز دەچوو، خەڵکی دێیەکەش بە تایبەتی ئەوانەی ئازوقەو پێداویستیەکانی زستانیان دابین نەکردبوو، خۆیان زۆر هیلاك دەکرد تا فریا بکەونو کارەکانیان بەجێبهێنن. ئەوانەشی کە لە خەم ڕەخسابوونو پێداویستیەکانیان لە ئازوقە دابین کردبوو، باگردێنیان لەسەربانی خانووەکانیان دەگێڕاو دیوارەکانیان جارێکیتر لە قوڕ هەڵدەسوی، خەریکی چاکترکردنی خانووە لە قوڕ دروستکراوەکانیان بوون.

لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا جاشەکانیش کە لەگەڵ خەڵکی دێیەکە بە تەواوی گۆڕابوونو وەك جاران روو خۆش نەبوونو هاوکاریی پیرەکانیشیان نەدەکردو گیرفانەکانیشیان لە نوقڵ پڕ نەدەکرد تا بیدەنە منداڵە دێهاتیەکان، زۆر نەدەهاتنە ناو دێیەکەوە، لە دەرەوەی ئاوایی هەندێ جار

ئەو کەروبارو ئۆتومبێل و ڕێبوارانەیان دەپشکنی کە بۆ ئەوێ دەهاتن یا لێی دەردەچوون. وەك جارانیش چاویان حیزبوو بەرامبەر ئافرەتانی دێ و ئەگەر ڕێکبکەوتایە سەیری سمت و سنگی کچان و ژنانیان دەکرد، بەڵام نەك وەك جاران بە تیلەی چاو، بەڵکو زۆر بە ئاشکراو بە زەقی سەیریان دەکردن و پلاریشیان لێدەدان، خەڵکی دێیەکەش هەستیان بەم ڕەفتارە ناپاکەی ئەوان کردبوو، بەڵام دانیان بەخۆدا دەگرت و چاوەڕێ بوون ئالانە قیت و پێشمەرگەکانی شەوێك بێنەوەو سەرجەم ئەو شتانەیان بۆ بگێڕنەوە تا تەمبێیان بکەن و دەرسیان بدەن.

ئەکرەمە ڕەش، بە هەوای خۆیەوە، جار جار بیری لە کیژان دەکردەوە، بیری لەو ساتە دەکردەوە کە ئەوی بەڕووتی بینیبوو ئیتر ئەو کاتانە مەست دەبوو، بیری لە مەمك و سمت و ران و شان و ملە سپیەکانی دەکردەوە، لە شوێنی خۆی بەلەسە دەبوو و لەسەر شەرواڵەکەیەوە دەستێکی بۆ ناو گەڵی خۆی دەبردو هەستی بە گەرمبوونی جەستەی و عارەقەی نێوچاوانی دەکرد، هەندێ جاریش هەر لەسەر ئەو تەپۆلکەیەی کە لێی





دادەنیشت، بەیادی جارانەوە بە دووربین سەیری ئەو توولە ڕێگایەی دەکرد کە بە زۆری کیژان پێیدا دەچوو بۆ کانی، بەڵام بێهوودە، چیتر کیژانی نەبینییەوە، ئەویش ئیتر وردە وردە کچەکەی لەبیر نەماو لە خەیاڵی دەرچوو.

* * *

چەند هەفتەیەك بوو پێشمەرگەكان نەهاتبوون بۆ دێیەكە، پێشتر هەموو هەفتەیەك چەند شەوێك دادەبەزینە ئەوێ، بەڵام ئەمجارەیان چەند هەفتەیەكی پێچوو هەر نەهاتن‌و سۆراخ‌و دەنگوباسیشیان نەبوو.

خەڵكی ئاوایی زۆر نیگەران بوون، بەدوای هەواڵێكی ئەواندا وێڵ‌و سەرگەردان بوون، بەڵام كەس هیچی نەدەزانی، ئەوان بە میوانداریی ئالانە قیت‌و دەستەكەی راهاتبوون ئەگەرچی گەلێ جار هەندێ لە خاوەن ماڵەكان پێیان دڵگرانیش دەبوون. سستی‌و بێدەنگی باڵی بەسەر دێیەكەدا كێشابوو، خەڵكەكە كزو مات بوون، مام حەمەدەمینی دوكاندار حەوسەڵەی نەمابوو، چەند رۆژێك دوكانەكەی داخست چونكە دەیزانی دەمی شڕەو قسە دەكات‌و تیروتوانج دەگرێتە جاشەكان كە ئەمەش رەنگە بە فەتارەتی ببات.





خەڵك لەسەرێكەوە لە جاشەكان پەست بوون، لە سەرێكیشەوە چاوەڕێی هاتنی پێشمەرگەبوون، بە بۆچوونی ئەوان ئەگەر لای پێشمەرگە باسی رەفتارو هەڵسوكەوتی نابەجێی ئەكرەمە رەش‌و جاشەكانی دیكە بكەن، ئەوا هەر چۆنێك بێت پێشمەرگەكان دێنە وەڵام‌و تەمبێیان دەكەن.

حاجی رەشید هێشتا ئومێدی بە هاتنی ئەوان هەبوو، دەیزانی ئەوان هەر دێن‌و دێیەكە بەسەر دەكەنەوە، بەڵام دواكەوتنیان ئەوی نیگەران كردبوو، ئەوو خەڵكەكەی تریشی تووشی خەمێكی قووڵ كردبوو، گەلێ جار لە خەما، بەشەو دەمێك لەبەر دەرگای ماڵەكەی دەوەستاو بیری لە هاتن‌و نەهاتنی ئەوان دەكردەوە.. نیگەرانی‌و خەمخواردنی حاجی رەشید بە زۆری لەوەبوو كە ئەو پێشمەرگەی بەپشت‌و پەنای خەڵكی دێیەكە دادەنا لەبەرامبەر جاشەكان كە رەفتاریان گۆڕا بوو، خراپ مامەڵەیان لەگەڵ خەڵكەكە دەكرد، خەڵكەكەش هیچ دەسەڵاتێكیان نەبوو، بۆیە دڵیان بە پێشمەرگە خۆش بوو.

بەهار، لە هەموو كەسێكی دیكە زیاتر لە چاوەڕوانیی هاتنی ئەواندا بوو، بە تایبەتیش

چونکە ئەو دڵی ئالانی شکاندبوو، بە خۆڕایی هەستی بریندار کردبوو، لە ناخەوە هەستی دەکرد نەهاتنی ئەوان ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی ئەودایە، بۆیە لە هەمووان زیاتر خەمی دەخوارد، گەلێجار تا درەنگانی شەو خەوی لێنەدەکەوت، سەرێکی گەوڕەکەی دەداو قسەکانی کە بە ئالانی گوتبوو وەك ئەوەی تۆماری کردبێت، وەبیری دەکەوتنەوە.

هەموو شەوێك، تەنانەت هەندێ جار بە رۆژیش، بەهار لە خەیاڵی خۆیدا سیناریۆی بۆ کاتی بینینی ئالانو پێشوازیکردن لێی دادەڕشت. هەندێجار بیری لەوەدەکردەوە لە کاتی هاتنی پێشمەرگەدا، ئەو دیسان هێسترەکان دەباتە گەوڕەکە بۆ ئالیکدانیانو داوای یارمەتی لە ئالان دەکا تا ئەویش هێسترەکانیتر ببا، ئیتر لەوێ لەناو گەوڕەکە بە مەکرو بە زمانێکی شیرینو بە خەندەوە لەگەڵی دەدوێو داوای لێبوردنی لێدەکات لەو قسانەی کە جاری پێشوو پێی گوتبوو.

هەندێ جاریش خەیاڵی بۆ ئەوە دەچوو کە ئالان لەناو گەوڕەکە دەستی دەگرێو لە باوەشی دەگرێت.





هەندێ جاریش، بە تایبەتی لەشەوداو ئەو کاتانەی لەناو جێگاکەی هەستی بە گەرمبوونی جەستەی دەکرد ، بەهار خەیاڵی بۆ ئەوە دەچوو کە ئەمجارە لەناو گەوڕەکە لەگەڵ ئالان یەکتر ماچ دەکەنو تا بەرەبەیان، تا کاتی رۆیشتنی پێشمەرگەکان لەناو گەوڕەکە بەیەکەوە بەڕووتی لەیەکتر دەئاڵێنو دواتر لە باوەشی یەکتر دەخەونو کاتێکی خۆش بەسەر دەبەن.

ئەو شەوانەی کە زۆر بیری لە ئالان دەکردەوە، بەهار بەم خەیاڵانەوە دەخەوت.

گەرمای هاوین رۆژ بەڕۆژ تینی نەدەماو کەشوهەوا زیاتر بەرەو فێنکی دەچوو، چەند رۆژێك هەورێکی چڕو تاریك بەری ئاسمانی گرتبوو بێ ئەوەی بیبارێنێ، لەیەکێك لەم شەوانەدا، دواجار ئومێدەکەی حاجی رەشیدو زۆربەی خەڵکی دێ هاتەدیو پێشمەرگەکان هاتنەوە بۆ ئاوایی.. ئەمجارە دێهاتیەکان کە دیسان لەگەڵ غەڵبە غەڵبو تەپە تەپی پێی پێشمەرگەکان هاتنەوە بەر دەرگا، بەگشتی بە هاتنی ئەوان شادمانو خۆشحاڵ بوون، حاجی رەشیدو بەهارو هەردوو کچەکەی تریشی، وەك سەرجەم خەڵکەکەی دیکە هاتبوونە بەر

دەرگاو بە بینینی چەکدارە توندوتۆڵو چڵکنەکان دڵشادو گەشابوونەوە.. بەلای خەڵکەکەوە زۆر لە روخساری چەکدارەکان نوێ بوون، دێهاتیەکان بە هەموویان ئاشنا نەبوونو دەموچاوی زۆربەیان بەلاوە نامۆبوون، ئەوەندە نەبێ ئالانە قیت لە پێشیانەوە دەڕۆیشتو چەند پێشمەرگەیەکی دیکەش کە پێشتریش لەگەڵیدابوون، هاوڕێیەتیان دەکرد.

ئالان کە بیرو هۆشی هەر لای بەهار بوو، لەگەڵ نزیکبوونەوەی لەماڵەکەیان دڵی زیاتر کوتە کوتی دەکرد، هێشتا بیری لە قسەکانی دەکردەوەو سەرودڵیشی تێکدەچوو، بێ ئومێدو دڵتەنگو ماتو مەلول دەبوو، بۆیە سەرەتا دوودڵ بوو لەوەی بەرەو ماڵی حاجی رەشید بچێت، چونکە هێشتا قورسایی و کاریگەریی قسەکانی بەهاری لەسەر مابوو، بەڵام لەبەرئەوەی راهاتبوو هەر لەوێ لابداو چەند جاری پێشووش بەزۆری میوانی ئەو دەبوو، بۆیە هەر بەرەو ئەوێ ملی نا.. حاجی رەشید بە چاوی فرمێسکاوییەوە دەمێک ئالانی ماچ کردو لە باوەش گرت، بەهاریش زۆر بە گەرمی بەخێری هێناو بە نیگایەکی





سیحراوی کە ئاماژەکانی پەشیمانی و خۆشەویستی و شادمانیی تێدا بەدیی دەکرا، بەنیگایەك پێشوازیی لێکرد کە هۆگری و وابەستەیی نیشان دەدا، چاوی بڕیبووە چاوانی ئالان، ئەویش لە خۆشیی بینینی بەهار بەمشێوەیە، خۆی بیرچووەوەو وەك هەرزەکارێکی چەتوون، نیگای لە نیگای بەهار گیر کردو زمانیشی کەوتە تەتەڵە، روخساری گەشایەوەو خەندە لێوی بەرنەدەدا.

بەدەم ئیسراحەتو نان خواردنەوە ئالان باسی ئەوەی بۆ حاجی کرد کە لەگەڵ سەربازەکان لە ماوەی دوو سێ هەفتەی رابردوودا چەند جارێك کەوتوونەتە شەڕو ژمارەیەك شەهیدو برینداریان داوە، بەڵام وا ئێستا کۆمەڵێك لاوی دیکە لە هەندێ شارو دێهاتی کوردستانەوە بۆ پێشمەرگایەتی پەیوەندییان پێوە کردوونو لەگەڵیان هاتوون. ئالان کە ئەم قسانەی دەکرد، زۆر چاوی بۆ بەهار گێڕا، بەڵام نەیبینی، بۆیە دوای نانخواردن بە بیانووی بەسەرکردنەوەی پێشمەرگەکانی، روخسەتی لە حاجی خواستو چووە دەرەوە.

هەورێکی رەش بەری ئاسمانی گرتبوو، وەك ئەوە وابوو کە رۆژێك لە رۆژان نە ئەستێرەو نە مانگ بە ئاسمانەوە نەبووبن، بۆیە شەوەکەشی زۆر تاریکترکردبوو، ئالان رووی بە ئاڕاستەی گەوڕەکە وەرگێڕا وەك بڵێی ئێستا بەهار لەوێیەو چاوەڕێی دەکات، بینی ئەوێ وا چرای تێدا دەسووتێ و پێدەچێ ئاوەدانیش بێت.. بێ دوودڵی و بە هیوای بینینی بەهار چوو بۆ گەوڕەکە، لەسەرخۆ دەرگاکەی کردەوەو چووە ژوورێ، بینی بەهار وا لە سوچێکی گەوڕەکە بەرامبەر بە دەرگا، بە ئەسپایی بەرەو ڕووی دێت، کەمێك بەبێدەنگی وەستان و سەیری یەکتریان کرد، هەندێجار وەك منداڵ نیگاکانیان بەریەك دەکەوت و لەشەرما بەهار سەری نزم دەکردەوە، بەڵام هەردووکیان لەیەکتر دەگەیشتن.

–چۆنی بەهار؟

کچەکە سەیرێکی ئالانی کردو قسەی بۆ نەکرا، کەمێك شەرواڵەکەی بەری داتەکاندو سەری لەقاندو وتی:" ئێستا باشم".

ئالان لە مەبەستی گەیشت، بەڵام وا خۆی نیشاندا تێناگات، پرسیی:





–بۆ؟ پێشتر خراپ بوویت؟ خۆ نەخۆش نەبوویت؟

بەرەو دەرگای گەوڕەکە رایکردو بۆ ئەوەی دڵنیابێ کەس دیار نییە، سەیرێکی دەرەوەی کرد، ئنجا گەڕایەوە لای ئالان، خۆی لە وەڵامی پرسیارەکەی ئەو دزییەوەو دەستی بە قسە کرد:

–دەزانی ئەو چەند هەفتەیە زۆر بیرم لە قسەکانم کردەوە؟

*کامە؟

–ئەوانەی لێرە پێم وتی..

*منیش زۆرم بیر لێکردوونەتەوە.

سەری هەڵبڕی سەیری چاوەکانی ئالانیکرد، وتی:

–وابزانم خراپ لیێم تێگەیشتی، یان رەنگە قسەکانم خۆیان لەبنەڕەتدا خراپ بووبن، ئەو چەند هەفتەیە ویژدانم زۆری ئازار داوم، نەدەبوایە وام بکردایە.

ئالان بە قسەکانی وا خۆی دەرخست کە شتێکی ئەوتۆ نەبووەو دڵی نەشکاوە، بەڵام لە روخساریدا ئاماژەکانی برینداربوونی هەست و سۆزی نیشان دەدا.. دەم بە خەندەو متمانە بەخۆ، ئالان ویستی دەست بە قسە بکات،

بەڵام ئەمجارەش بەهار بەرەو دەرگا رایکردو بەپەلە سەیرێکی دەرەوەی کرد، ئنجا گەڕایەوەو قیت لەبەردەمی وەستایەوە، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، ئەویش لەسەرخۆ چەکەکەی لە شانی کردەوەو بە دیوارەکەی هەڵپەسارد، لەبەرئەوەی دەیزانی بەهاریش چاوەڕێی قسەیەکی گرنگە، بۆیە هێمنانە دەستی پێکرد:

–دەمەوێ دوو قسە هەیە بێ شەرمکردن پێتی بڵێم، چونکە کەس نازانێ کەی یەکتر دەبینینەوە، هەفتەیەك یا مانگێکیتر یان کێ دەڵێ هەر یەکتر دەبینینەوە.

ئەمجارەیان بەهار بەوەندە قایل بوو هەر لە شوێنی خۆیەوە سەیری دەرگاکە بکات، چونکە نەیویست قسەکانی ئالان ببڕێت کە بەلای ئەوەوە زۆر گرنگ بوون. روخساری وادەرخست کە چاوەڕێیە.

ئالان بە پێکەنینەوە وتی:" حەزم نەدەکرد ئەم قسانەی ئێستا پێت دەڵێم، لێرە لەم گەوڕە بوایە، بەڵام وادیارە چارەنووسەکە وا دەخوازێو حاڵی حازرییش لێرە باشترمان دەست ناکەوێت". هەڵوەستەیەکی کەمی کردو ئنجا درێژەی پێدا:




–دەمەوێ پێت بڵێم لەیەکەم رۆژەوە کە تۆم بینی...

هەڵوەستەیەکی دیکەی کردو بێدەنگ بوو، چاوی لەسەر بەهار لاداو روانیە رووناکیی فانۆسەکە کە بەدیوارەکەی پشت بەهارەوە هەڵواسرابوو، دەستی پێکردەوە:"نازانم چیی بڵێم، هەستێکم لادروست بووە، نازانم چۆنت بۆ وەسف بکەم، بەڵام ئەوەندە دەزانم کاتێك لێت دوورم، دڵم هەردەم تەنگەو خەمبارو بێزارم، هەمیشە بیرو هۆش‌و دڵم لای تۆیەو حەز دەکەم زوو بگەمەوە دێیەکەتان تەنها بۆ ئەوەی تۆ ببینم.. کە دەشتبینم، بەدەست خۆم نییەو لێدانی دڵم زیاد دەکاو ژانێکی سەیر لەدڵ‌و هەناوم پەیدا دەبێت، هەموو گیانم عارەقە دەکاتەوە".

بەهار بە بێدەنگی، بە دەست ئاماژەی کرد تا کەمێك بێدەنگ بێت‌و هەڵوەستەیەك بکات، ئنجا خێرا چووە لای دەرگاکەو دیسان سەیرێکی دەرەوەی کردو هاتەوە شوێنەکەی خۆی، سەیری ئالانی کرد بۆ ئەوەی دەست بە قسەکانی بکاتەوە، ئەویش ئەمجارە بە خەمباری کەمێك لە چەکەکەی راما کە

بەدیوارەکەی هەڵپەساردبوو، رووی کردەوە بەهارو دەستی پێکردەوە:

– ئەم هەستەی کە بەرامبەر تۆ هەمە، هەندێ کات دڵخۆشم دەکاو هەندێ جاریش بە پێچەوانەوە.

لەو دەمانەی کە بۆ کچەکە دەدوا، ئالان منداڵەکانی و هاوسەرەکەی بیرکەوتەوە، هەستی کرد وا تاوانێکی گەورە دەکاو خیانەت لە ژنەکەی و منداڵەکانی دەکات، بەڵام هەر دەبوایە بەردەوام بێت، تازە کار لە کار ترازابوو، چاوی ئەوانیشی لێ دوور بوو، کەمێك چاوەکانی نوقاندو تەزوویەکی سارد جەستەی تەزاند، یەك دوو جار سەری لەقاندو هۆشی هێنایەوە لای بەهار، ئاهێکی هەڵکێشا ئنجا وتی:" لەوەتەی تۆ دەناسم، زۆر لە شەهیدبوون و لەشەڕەکانیش دەترسم، کە چەك دەبینم قێزی لێدەکەمەوە، وەکو جاران ئازایەتی و غیرەتم نەماوە، چونکە وا هەست دەکەم مولْکێکی گەورەو پیرۆزم لەسەر ئەم زەمینە هەیەو نابێ بەهیچ شێوەیەك دەستبەرداری بم یا رێگە بدەم لە کیسم بچێت، ئەو مولْکە پیرۆزەش تۆی.."





بەهار هەموو هۆش و خەیاڵی لای قسەکان بوو، بیری ئەوەی نەما سەیری دەرەوەی گەوڕ بکات و بزانێ کەس دیارە یا نا، حەزی دەکرد لەو کاتەدا دەستی ئالان بگرێ و توندیش خۆی بخاتە باوەشی و سەربخاتە سەر سنگی و گوێ لە ترپەی دڵی بگرێت.. چاوەکانی تەڕبوون و وردە وردەش فرمێسك بە گۆناکانیدا دەهاتنە خوار. ئالان دەستی چەپی درێژکردو ویستی بەسەری پەنجەکانی فرمێسکی سەر گۆنای بسڕێت، بەڵام بەهار سەرەتا سڵی کردەوەو کەمێك سەری لادا، ئالانیش دەستی نەکێشایەوەو سووربوو لەسەر ویستەکەی، ئیتر فرمێسکی کچەکەی سڕی و دوای ئەوەش کەمێك بە بێجوڵە وەستان، بەهار کەمێك رووی بە تەنیشتدا وەرگێڕابوو، جارجارێك چاوی دەتروکاندو وای نیشان دەدا کە هێشتا فرمێسك دەڕێژێت، ئەمجارە ئالان بوێرانە دەستی ئەوی گرت و بەتوندی ناو لەپی گوشی.

هیچ کامێکیان ئاگایان لە هیچ نەمابوو، لەو کاتەدا وایان هەست دەکرد لەو دنیایەدا هەر ئەوان هەن، هەموو هۆش و خەیاڵیان لای یەکتربوو، ئالان بیری لەوە دەکردەوە دوای

ئەوەی فرمێسکی کچەکەی سڕییەوەو دەستی گرت، چیتری لێبکات، بەهاریش چاوەڕێ بوو ئالان دوای ئەوەی دەستی گرت، چیتری لێدەکات. کەمێك لەبەهار چووە پێش، هەردوو قۆڵی گرتو لە خوارەوە تا سەری دیقەتی کچەکەیدا، دەستێکی خستەوە سەر ئەو لا گۆنایەی کە پێشتر فرمێسکەکەی سەری سڕیبووەوە، وردە وردەش دەستەکەی بەرەو سەرو پرچی کچەکە برد بەنیازی ئەوەی سەری بخاتە سەر سنگیو دواتریش لە باوەشی بگرێت، بەڵام لە دەرەوە رووناکیی چرا پەیدا بوو کە بە ئاڕاستەی ئەوان دەهات، یەکێك لە خوشکەکانی یەك دوو جار بانگی کرد: "بەهار.. بەهار".

بەهار زۆر شڵەژاو ترسێکی گەورەی لێ نیشت، بە نیگایەکی وا سەیری ئالانی کرد کە مایەی دڵ پێ سوتانو بەزەیی پێدا هاتنەوەبوو، لە روخساریدا، لە نیگاکانیدا ئەوینو خەمو نزاو کۆڵێك بێزاری هەستی پێدەکرا، ئەوەی لەم ساتەدا سەیری چاوەکانی بەهاری بکردایە، تێدەگەیشت چ ئاهو حەسرەتێکی گەورە بە کۆڵی خاوەنەکەیەتیو بەرۆکی گرتووە.



پێش ئەوەی خۆی بچێتە دەرەوە، بێ ئەوەی وشەی کاك-یش بەکاربهێنێت، خێرا فانۆسەکەی گرتە دەستو بۆ ساتێك لەبەردەم ئالان چەقیو بەسەربادانەوە داوای لێکرد گەوڕەکە جێنەهێڵێ تا بە تەواوی خۆیو خوشکەکەی دەچنەوە ماڵو رووناکیی چراکان نامێنێ. ئەویش چەکەکەی کە بە دیوارەکەی هەڵپەساردبوو، هەڵگرتو سەری رەزامەندیشی بۆ قسەکانی بەهار لەقاند.

-خواحافیز..

-خواحافیز..

دوای ئەوەی رووناکیی چراکانیش نەمان، ئالان ماوەیەك لە تاریکیی ناو گەوڕەکەدا مایەوە، بە دانیشتنەوە چەناگەی خستبووە سەر هەردوو دەستی کە لولەی چەکەکەی پێگرتبوو، هالاوی خەمو خەفەت تێکەڵ بە هەناسەی بوونو غەرقی خەیاڵاتو بیرکردنەوە لەچارەنووسی خۆی بوو، هەستی بە تینوێتی کردو دەمو قوڕگی وشك بوون، بێ ئەوەی لەبەر تاریکییەکە هیچ شتێکی دەوروبەری ببینێ، بەڵام جارجار ئاڕاستەی نیگاکانی دەگۆڕیو هەندێجار چاوەکانی بچووك دەکردەوەو زیاتر دیقەتی پنتێکی ناو

تاریکییەکـەی دەدا.. بیروهۆشـی چـووە لای منداڵـەکانی، روخسـاری هـیچ کامێکیـانی بەباشی نەدەهاتە بەرچاوو دیمەنەکانی هزرو خـەیاڵی لـێڵ بـوون، بەسسـتیو بـە ئەسـتەم هەناسـەی بـۆ دەدراو وردە وردە فرمێسـك دەزایە چاوەکانی، تاوێك بەخۆیدا چووەوەو ترسێکی گەورە دایگرت بەرامبەر بەو قسانەی بە بەهاری وت، بەرامبەر بە رازەکانی دڵیو ئەو خۆشەویستیەی بۆی بەیان کرد، بۆ ئەو هەستەی بەرامبەر ئەو هەیبوو، کە بیری لە ئەنجامەکانی ئەو هەستەشی کردەوە، توند چاوەکانی دەنوقاندو نێوچاوانی گرژ دەکرد، بە توندی یەك دوو جار سەری لەقاندو لەتاو دڵتەنگی دەستێکی خستە سەر دڵی وەك بڵێی بزانێ هێشتا ترپەی ماوە یا نا.

دەمێك بوو رووناکیی چرا لە دەرەوە نەمابوو، بەهارو خوشکەکەشی دەمێك بوو چووبوونە ژوورەوە، ئالان کە بۆنی ناخۆشی ناو گەورەکە کاسی کردبوو، لە جێی خۆی هەڵساو بەلەپی دەستی عارەقی نێوچاوانیو تەڕایی چاوی سڕییەوە، ئنجا بە ئەسپایی چەکەکەی کردە شانیو وردە وردە بەرەو ژوورەوە، بەرەو لای حاجی رەشیدو





پێشمەرگەکان چوو.. هەردوو هاورێکەی خەوتبوون، پرخە پرخی ماندوێتیان ژوورەکەی پڕکردبوو، بەڵام حاجی خەریکی نوێژکردن بوو، کە تەواویش بوو، لە ئالانی نەپرسی لە کوێ بووە یا بۆچی دواکەوتووە، چونکە وا تێگەیشتبوو بۆ بەسەرکردنەوەی پێشمەرگەکان چۆتە دەرەوە، نەیزانی لەگەڵ بەهاری کچی لەگەورەکە بەیەکەوە بوون. بەدەم هەڵگرتنی بەرماڵەکەی، رووی کردە ئالانو زۆر بەهێمنی لێی پرسی:

– کاك ئالان راستە دەڵێن ئێوە لەگەڵ جاشەکان ئەوانەی بەڕۆژ دێنە ئەم گوندەوە رێککەوتننتان هەیە؟

ئەویش بە بێزارییەکی زۆرەوەو بەدەم کردنەوەی پشتێنەکەی قەدی، بەسەرسوڕمانەوە پرسیی:

–رێککەوتنی چیی کاك حاجی؟!

–دەڵێن سەرکردایەتیی رێککەوتنی لەگەڵ جاشەکانی ئێرە کردووە کە ئەگەر ئەوان شەڕ نەفرۆشنو رێگە بە پێشمەرگە نەگرن، پێشمەرگەش هیچیان بەرامبەر ناکات، مەقسەدم ئەوەیە تەقە لەیەکتر نەکەن.

حاجی کەمێك بێدەنگبوو، بەرماڵەکەی خستە سەر دەلاقەیەکی قەد دیوارەکە، دەستی بە قسەکردەوە:"خەڵکی دێ لەدەست کردەوەو رەفتاری ناپەسەندی ئەم جاشانە خەریکە سەر هەڵدەگرن، کەچی ئێوە لەبری ئەوەی سزایان بدەن لەگەڵیان رێکدەکەون، ئەمە شتێکی زۆر خراپە باوکەکەم.."

ئالان کە خۆی کزو بێتاقەت بوو، ئەوەندە بایەخی بە قسەکانی نەدا، گوێی نەدایەو چووە سەر جێگاکەی، بەڵام بە حاجی گوت کە شتی وای نەبیستووە.

دوای کەمێك حاجی خەوت، پاشان ئالانیش خەوت، پێشتریش بەهارو زۆربەی خەڵکی دێ لە قوڵایی خەودابوون.

جگە لە حەپینی سەگو گریانی منداڵە ساواکانو دەنگی لاوانەوەی دایکە کلۆڵەکانو کۆکینی پڕ لە حەژمەتی پیرە کەنەفتەکانو جارجارێکیش زەڕینی کەرو حیلەی ئەسپەکان، لەو شەوە رەشو تاریکەدا هیچ شتێکیتر نەدەبیسترا، ئاسمانو شاخو داروبەردیش هەمووی خەوتبوونو هەر بە تەنها رووبارەکانو ئەو پێشمەرگانە بەخەبەر بوون کە بۆ پاسەوانی لەسەربانو بەردەم





مزگەوتی گوند هاتووچۆیان دەکردو دیقەتی تارمایی هەموو داروبەردو جوڵەیەکیان دەداو بە گومانەوە سەیریان دەکردنو گوێیان بۆ هەموو دەنگێکی نامۆ هەڵخستبوو، هێشتا ئالان نەچووبووە قووڵایی خەوەوە، لەپڕ لەگەڵ هەراو دەنگە دەنگێکی زۆر، حاجیو زۆربەی خەڵکی ئاوایی لە خەو رابوون، چراکان جارێکیتر هەڵکرانو ماڵەکان رووناکیان تێکەوتەوەو بەردەرگاو کوچەو کۆڵانە نارێکەکانیش بە هاتوچۆی خەڵکەکە کە بە ئاڕاستەی سەرچاوەی دەنگەکە دەچوون، ئاوەدان بووەوە، دێهاتیەکان بەسەرسوڕمانەوە پرسیاریان لە یەکتری دەکرد کە دەبێ چیی روویدابێت، دەبێ کێ ئەم بەزمەی نابێتەوە؟.

ئالان هەردوو پێشمەرگەکەی لەخەوە شیرینەکەیان خەبەرکردەوە، خێرا ئەوانیش خۆیان بەستو گورج چوونە دەرەوەو بە ئاڕاستەی سەرچاوەی دەنگو هەرایەکە کەوتنە ڕێ.. کە گەیشتن ئالان سەری سوڕما لەوەی سەرچاوەی هەراو دەنگەکان پێشمەرگەکانی خۆیەتی، تاسا.. کە بینی هەندێ لە پێشمەرگەکانی لەناوو بەردەم مزگەوتی دێیەکە بەشەڕە جنێو بەگژیەکدا

چوونەو هەرچی قسەی نەشیاوو ئابڕووبەرانەیە بەیەکتری دەڵێن، لەشەرما روخساری گەرم داگەڕا.

شوێنەکە تا دەهات قەرەباڵغترو بە فانۆسی دەستی خەڵکەکەش رووناکتر دەبوو، ئەوانەی کە بەگژیەکدا چووبوون بە هاتنی سەرتیپیش هێورنەبوونەوە ئەگەرچی کەوتە ناوبژیو فەرمانی پێکردن بێدەنگ بن، بەڵام دواتر هەندێ پێشمەرگەی ترو مەلای مزگەوتو ریش سپییانی گوندەکە لەسەر داوای ئالان کەوتنە ناوبژیو ئەمجارە شەڕە جنێوەکە کۆتایی پێهات، هەندێکیان پەرتەیان کرد.

هێشتا ئالانو زۆربەی پێشمەرگەکانیو خەڵکی دێیەکەش نەیاندەزانی ئەم شەڕە جنێوە لەم نیوە شەوەدا کە هەمووانی هێناوەتە بەر مزگەوتێ، لەسەرچی روویداوە، ئەو کە لەناخەوە زۆر هەستی بە تەریق بوونەوەو شەرمیش دەکرد بانگی یەکێك لە پێشمەرگەکانی کرد کە هیلاکیی زۆری پێوە دیاربوو پێدەچوو لەسەرەتاوە ئاگای لە بەزمەکە بووبێت، لێی پرسی لەسەرچیی ئەم شەڕە روویداوەو ئاوا لەدێیەکە حەیاو نامووسی پێشمەرگەشیان بردووە.. هێشتا





پێشمەرگەکە دەستی بەقسە نەکردبوو، حاجی رەشید بەدەم کۆکینەوە بە فانۆسێکەوە گەیشتە لایان، پێشمەرگەکە دیقەتی حاجیداو دواتریش سەیری ئالانی کردەوەو بەسەرسوڕمانەوە سەرێکی بادا وەك پرسیارێك ئاخۆ ئەوە کێیەو چییە یا قسە بکاتو بەسەرهاتەکە بگێڕێتەوە یا نا؟!.

لە سیمای پێشمەرگەکە گەیشت، بۆیە پێی وت قسە بکاو باسی هۆکاری دروستبوونی شەڕەکە بکات، بەزمەکە بە تەواوی بگێڕێتەوە: "خاڵە حاجی خۆمانەیە، قسە بکە".. پێشمەرگەکە کەمێك هەڵوەستەی کرد، وەك ئەوە وابوو کە بە دوای سەرەداوێك بگەڕێو قسەکانی پێدەست پێبکات:

–پیاو نازانێ چیی بڵێ! شەڕەکە لەسەر شتێکی زۆر قۆڕو هیچ دروست بوو، ئەوەی من بزانم هەمووی خەتای زوبێر بوو.

–بۆ زوبێر چیی کرد؟

–ئێمە هەموو خەوتبووین، هەموو لە مزگەوت بە تەنیشت یەکەوە خەوتبووین، لەپڕ لەگەڵ هاتوهاوارو جنێوەکانی هەرێم کە بە زوبێری دەدا خەبەرمان بووەوە.. وادیارە،

زوبێر لەناو جێگا خۆی لێ نزیك كردۆتەوەو دەستی بۆ درێژكردووە.

حاجی رەشید رووی وەرگێڕاو خۆی وا نیشاندا كە ئاگای لە دوا بڕگەی قسەكان نەبووە، ئالانیش لە تورەیی و لە شەرما دەمووچاوی گەرمو سوور هەڵگەڕابوو، عارەقەش دەموچاوی بەتەواوی تەڕكردبوو، بەسەر بادانەوە سەیرێكی حاجیی كردو دواتر لە پێشمەرگەكەی پرسیی:

–هەرێم كامەیە؟! ئەو كوڕە هەرزەكارەی شار كە چەند رۆژێك پێش ئێستا پەیوەندیی پێوەكردین؟

–بەڵێ، ئا خۆیەتی..

پێشمەرگەكە دوای ئەم وەڵامەی، روخسارە گرژەكەی وا نواند كە چاوەڕێی فەرمانێكە جێبەجێی بكاتو سنوورێك بۆ كێشەكە دابنێن.. بەڵام ئالان ماوەیەكی كەم بێدەنگ بوو، هیچی نەگوتو دۆش داما، بیری لەوەكردەوە كە چۆن حەیایان چووەو ئیتر جارێكیتر نە ئەوو نە پێشمەرگەكانی روویان نایەت بێنەوە ئەم ئاواییەو چیتریش وەك جاران سەربەرزو بە ویقار نابن، بیری لەوەش كردەوە كە چیتر ناتوانێ بەهاریش ببینێ یا



ئەگەر بینیشی ئەوا ناتوانێ وەكو جاران لەگەڵیدا بەتەنیا بێو باسی خۆشەویستیی بۆ بكات.. لە حەژمەتا دڵی دەكولا، گەلێك هەستی بە پەژارەو بێدەسەلاتی كرد. بەدەم ئەم بیركردنەوانەوە، ئازارێكی زۆر لەسەریو ئەژنۆكانی پەیدابوو، بەڵام دانی بەخۆیدا گرتو تەنها بە دەستێكی كەمێك تەوێلی شێلا. دیقەتێكی روخساری هەرێمیدا كە لە دوورەوە لەگەڵ سێ چوار پێشمەرگەدا مشتومڕی بوو و جارجار پەنجەی رادەوەشاند. ئەو پێشمەرگەیەی كە هێشتا لای وەستابوو راسپارد بچێ بانگی هەرێم بكاو بیهێنێتەلای بۆ ئەوەی لەڕاستی مەسەلەكە تێبگات.

هێشتا هەرێم نەگەیشتبووە لایان، حاجی رەشید روخسەتی خواست بگەڕێتەوە ماڵ چونكە كچەكانی بەتەنهان، ئالانیش فەرمووی لێكردو ئەو رۆیشت.. پێشمەرگەكە لەگەڵ هەرێم گەیشتنەلای، چەند پێشمەرگەو پیاوێكی دێیەكەش هاتن بۆ لایانو لێیان كۆبوونەوە، بێئەوەی رێگە بدا كەس سڵاو یا هەر قسەیەكی دیكە بكات، ئالان كە نێوچاوانی گرژكردبوو، پرسیی:

–کاك هەرێم ئەم شەڕەتان لەسەر چی‌یە؟ بۆچی لە ئاوایی حەیامان دەبەن؟

هەرێم کە روخسارێکی سپی‌و کەمێك قەڵەوی هەبوو، پێدەچوو رۆژێك لە رۆژان ماندووبوونی نەچەشتبێ، بەدەم سڕینی چاوەکانییەوە وەڵامی دایەوە:

–کاك ئالان هیچ خەتای منی تێدا نیە، من خەوتبووم، لەپڕ ئەو بێ ئەخلاقە، کە لە تەنیشتم خەوتبوو، خۆی لێم نزیك کردەوەو دەستی بۆ درێژکردم، بۆیە من لێی هەستامەوەو ئەگەر لەبەر پێشمەرگایەتیی‌و حزبایەتی نەبووایە، هەر لەوێ دەمکوشت.

–ئەی بۆ وات نەکرد؟ بۆ نەتکوشت؟

–ئاخر ناڵێم لەبەر پێشمەرگایەتی‌و هاوڕێیەتی وام نەکرد، بەڵام تێرجنێوم کرد، باوەڕ بکە کاك ئالان ئەمجارە ئەو زوبێرە حیزە شتی وا بکات دەیکوژم، بە گۆڕی شەهیدان لێی قبوڵ ناکەم‌و وەك سەگ دەیتۆپێنم.

–ناوی شەهیدان مەهێنە..

ئەمەی بە توورەییەوە وت، ئنجا درێژەی بە قسەکانی‌دا:" خەمت نەبێ





چیتر رێگە نادەم شتی‌وا رووبداتەوە، تۆ دەبێ بەیانی بگەڕێیتەوە شارو بچیتەوە ناو کەسوکارت".

دواتر ئالان سەیری پێشمەرگەکانی دەوروبەری کردو بەیەکێکیانی وت کە سبەی هەرێم تا سەر جادەیەکی قیر بەڕێ بکا بۆ ئەوەی سەیارەیەکی دەست بکەوێت‌و بڕواتەوە.

هەرزەکارەکە هیچی بۆ نەووترا، سەری نزم کردو لەوێ ون بوو، ئەمجارە ئالان دوو سێ پێشمەرگەی راسپارد بچن زوبێر چەك بکەن‌و خۆیشیان کۆبکەنەوە چونکە دەڕۆن‌و دێیەکە جێدەهێڵن.

ئیتر پێشمەرگەکان هەموویان کەوتنە جموجۆڵ‌و بەچاوی خەواڵووەوە بەرەو لای ئالان دەهاتن، بەبێدەنگی‌و یەك لە دوای یەك کەوتنە ڕێ‌و تەنها تەپەی پێی ئەوان دەهات، ئەمجارە بەبەرچاوی دێهاتیەکانەوە، گوندەکەیان جێهێشت‌و رۆیشتن.

ئالان کە بیری لە بەهار دەکردەوە، دڵی زۆر تەنگ دەبوو، زۆر بێزارو هیلاك، بەڵام

نەیدەهێشت ئەوانە بە روخسارییەوە دیاربن، خۆی تورەو بەهێز نیشانی پێشمەرگەکانی دەدا.

* * *



چەند رۆژێك دوای رووداوی ناو پێشمەرگەکان، بارانێکی بەخوڕ باری ، بەڵام خەڵکی ئاوایی دڵیان پێ خۆش نەبوو، بۆنی یەکەم بارانی پاییز کەسی کەیفخۆش نەکرد، لای ئەوان باس باسی ئەخلاق و ناموس و شەڕی نێوان پێشمەرگەکان بوو.

مام حەمەدەمین کە زۆر پەست بوو بە رووداوەکە، دەیگوت:" ئەمە ئەخلاقی پێشمەرگە نییە، ئەو کەسەی ئەو شتانە دەکات فریودراوەو خائینەو بۆ ئەوەیەتی حەیای پێشمەرگەی پێ ببات".

حاجی رەشیدیش نە لە ماڵەوەو نە لە دەرەوەش بەهیچ شێوەیەك باسی پێشمەرگەکانی نەکردەوە، ئەوەندە نەبێ بەڕووداوەکەو بەوەش دڵتەنگ بوو کە فریانەکەوت بە تەواوی گازاندەو خەمەکانی خۆی و خەڵکی ئاوایی لە خراپەکاریی جاشەکان و کردەوەو ئاکارە ناپەسەندو

نابەجێکانیان بۆ ئالانە قیت هەڵبڕێژێت تا چارەسەرێکیان بۆ بدۆزنەوە.

بەهاری کچیشی وەك خەڵکەکە دڵتەنگ بوو، بەڵام زیاتر خەمی لەوە دەخوارد کە ئالان بێ ئەوەی خواحافیزی بکاو بێ ئەوەی ئەو شەوە سەریان لێبداتەوە رۆیشتووەو دێی جێهێشتووە، ئەو لە خەڵکانیتر زیاتر غەمگین و کز بوو، هەستی دەکرد ئەوەی روویداوە لە بێ چانسی و بەدبەختیی ئەودابووە، پێی وابوو ئەمجارە ئەستەمە ئالان ببینێتەوەو ئیتر عیشقەکەیان هەر لەسەرەتاوە کۆتایی پێهات، تا بیری لە رۆیشتنی ئالان بکردایەتەوە، زامی رۆحی گەورەترو لێدانیدڵی سستترو روخساری کزترو هەناسەشی تەنگتر دەبوو.

جاشەکان ژمارەیان لە جاران زۆر زیاتری کردبوو، ئەمجارە جگە لە چەکدارە کوردەکان، ژمارەیەك سەربازیش لەگەڵیان هاتبوون کە لە روخسارو قسەیاندا دیاربوو کورد نین و لە شوێنێکی دوورەوە هاتوون، هێزێکی گەورە هاتبووە ئەوێ.

هەڵسوکەوتی چەکدارە کوردەکان تا دەهات لەگەڵ خەڵکی ئاوایی زیاتر خراپ دەبوو،





ئەمجارە پشکنینی ماڵەکان و دێهاتیەکانیش دەستی پێکرد، رێگەیان بە شوان و جوتیارەکان نەدەدا زۆر لە دێ دوور بکەونەوەو چاودێرییان خستبووە سەر تەواوی خەڵکەکە.

ژیانی دێهاتیەکانی ئاواییەکە بەدەست جاشەکانەوە تاڵ و گەلێك ناخۆش بووبوو، هەموویان درکیان بەو راستیە دەکرد کە ژیانیان بە دەست جاش و سەربازەکانەوە لە مەترسیدایە، بەڵام کەسیان لەلای یەکتری دانیان بەو راستیەدا نەدەنا، لە رووبەڕووبوونەوەی ئەو راستیە دەترسان کە گوندەکەیان و ژیانی خۆیشیان لە ژێر هەڕەشەو مەترسییەکی گەورەدایە.

چەند جارێك حاجی رەشیدو ریش سپییانی دیکەی ئاوایی چوونە لای ئەکرەمە رەش و داوایان لێکرد چیتر ماڵەکان نەپشکنن و رێگە بە جوتیارو شوانەکانیش بدەن بچنە سەر کارەکانیان، لە بێدەسەڵاتییان و لە بێئومێدییان لە گەڕانەوەی پێشمەرگە، خۆیان دەخیلی دەکردو پێیان دەگوت: "کاك ئەکرەم تاوانی ئێمە چی‌یە وامان لێدەکەن؟ ئێمە نە موخەریبین و نە دژی

حکومەتین، وازمان لێبێنن با کارو زەراعەتی خۆمان بکەین".. بەڵام ئەکرەم کە بەهۆی شکستهێنانی هەوڵەکانی لەگەڵ کیژان رق و کینەی زۆری لە خەڵکی دێیەکە هەڵگرتبوو، بە ساردییەوە پێی گوتبوون کە بەدەست ئەو نییەو بریار لای ئەفسەرە عەرەبەکانە.

حاجی رەشید هەستی دەکرد هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی سەرباز بۆ گوندەکە هەروا بە خۆڕایی نییەو شتێکی لە پشتەوەیە، پێی وابوو سەربازو جاشەکان بە کات و چۆنیەتی هاتنی پێشمەرگەکان بۆ ناو ئاوایی دەزانن و رەنگە مەبەستیان ئەوەبێ لێیان بدەن و لەناویان بەرن.. رۆژ بەڕۆژ بیری لەو مەسەلەیە دەکردەوە، زۆر خەمی بوو پێشمەرگەکان بەدەست جاش و سەربازەکانەوە شتێکیان بەسەر بێت و زیانیان بەرکەوێت، بەڵام کەمێك دڵی بەوە خۆش بوو کە ماوەیەکە پێشمەرگەکان نەهاتوون بۆ دێیەکەو رەنگە بە مەسەلەی هاتنی سەربازەکانیان زانیبێت، جگەلەوە حاجی خەمی لەوەش دەخوارد کە ئەگەر بێتو جەنگ لە لادێیەکەی ئەوان و دەوروبەری رووبدات ئەوا خەڵکەکە تیادەچێ و هەرچی هەیە هەپروون بە هەپروون دەبێ،





بۆیە یەك دوو جار لە کاتی نان خواردن لای کچەکانی باسی جێهێشتنی دێیەکەی دەکرد، پێشنیازی ئەوەی دەکرد تەنها کەلوپەلە زۆرگرنگەکانیان وەك پارەو ئاڵتون و ناسنامەکانیان لەگەڵ خۆیاندا ببەن تا نە سەربازەکان و نەخەڵکی ئاواییش نەزانن بە یەکجاری دەڕۆن و ئەوێ جێدەهێڵن.

بەهار لەگەڵ ئەم بیرۆکەیەی باوکی نەبوو، ئەو هەر چاوی لە رێگەی ئالان بوو، پێی وابوو رۆژێك لە رۆژان ئەگەر بەتەنیاش بێت، بۆ دیدەنیی ئەو دێتەوە ئەوێ، ئاگای لەوە نەبوو جاش و سەربازەکان کە بەشەو لە دێیەکە دوور دەکەونەوە، لە دەوروبەرەکەیدا چەندین بارەگاو مۆڵگەیان دامەزراندووەو ئەوانیان گەمارۆداوە.

ئەکرەمە رەش خۆی چەند گۆڕابوو لەگەڵ خەڵکی دێیەکە، ئەوەندەی تر لە ترسی ئەفسەرە عەرەبەکان مامەڵەی لەگەڵ دێهاتیەکان توندتر کردبوو، نەدەچووە میوانداریی هیچ ماڵێك و بە ئاشکراش جنێوی بە پێشمەرگە دەداو گەلێ جار سووکایەتیی بەو ماڵانەش دەکرد کە کەسێکیان پێشمەرگە بوون، خراپەکاریی ئەو لە هی سەربازەکان زۆر

زیاتر بوو، وای لێهاتبوو خەڵکی ئاوایی زیاتر لە سەربازەکان نزیك دەبوونەوە کە رەنگ‌و زمانیشیان لەوان جیابوو، گەلێکجار منداڵەکان لە دڵ سافیی خۆیانەوە دەچوونە لای سەربازەکان‌و برێك ترێ، سێو یا میوەی تریان بۆ دەبردن‌و لەگەڵ خۆیشیاندا چەند سەموونێکی سەربازیی رەق‌و کۆنیان دەهێنایەوە.

جاشەکان بە گشتی هاتنی سەربازەکانیان بۆ دێیەکە بە شتێکی ئاسایی دەزانی، چونکە لە زۆر شوێنی دیکە جاش‌و سەرباز پێکەوە بوون، ئەمە شتێکی نوێ نەبوو، بۆیە هیچ کامێکیان بیریان لەبەرنامەی سوپا نەدەکردەوە، بیریان لای ئەوە نەبوو کە سەربازەکان لە هەندێ ناوچە دەیان گوندیان خاپوورکردووەو خەڵکێکی زۆریشیان شوێن بزر کردووە.

لە ماوەی هاتنی سەربازەکان، جاشەکان ئەگەرچی مامەڵەیان لە زۆر رووەوە لەگەڵ خەڵکی ئاواییدا خراپتر کردبوو، بەڵام چیتر بە دوای کچانی ئاواییەوە نەبوون‌و وەك پێشتر سەیری سمت‌و سنگی ئافرەتەکانیان نەدەکرد، سڵیان دەکردەوە، هەندێکیان لە




ترساو هەندێکیشیان دەماری پیاوەتیان جولابوو کە چۆن دەبێ بەبەرچاوی بێگانەوە بە سووکی سەیری ئافرەتی کورد بکرێ‌و رێگە بۆ ئەوانیش خۆش بێ وابکەن.

بەشێك لە دێهاتییەکان بە تایبەتی ئەوانەی ئاکامی خراپیان لە هاتنی سەربازەکان دەخوێندەوە، مەڕو مالات، توتن، دانەوێڵەو گەلێ جاریش شتە زیادەکانی ناو ماڵیشیان هەرزان دەفرۆشتە ئەو بازرگان‌و کاسبانەی لەدێیەکانی تر یا شارۆچکەکانەوە بۆ ئەوێ دەهاتن، تا وای لێهاتبوو بەشێکی زۆری خەڵکەکە لە ماڵەوە دانیشن‌و دەستبەرداری کارو کاسبییان بن. مام حەمەدەمینی دوکاندار چیتر لەسەر دوکانەکەی دانەدەنیشت‌و ئەوەی پێویستی بە شتێك هەبووایە دەبووایە بچێتە ناو ماڵەکەی‌و لەوێ بیکڕیایە.

ئەکرەمە رەش، لەلایەك دڵنیابوو لەوەی چیتر پێشمەرگە نایەنەوە دێیەکەو لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی بوونی ئەو ژمارە زۆرەی سەربازان هەستی دەکرد پشتی قایمەو دەسەڵاتی بەهێزترە لە جاران‌و ئەوەی پێشتر بە قسەی خۆش‌و مامەڵەی نەرمەوە نەیتوانیوە بەدیی بهێنێت، ئێستا دەتوانێ بەچاو

**سووركردنەوەيەك چيى بوێت بيكات، بۆيە ديسان كيژانى هاتەوە يادو خەياڵى گەڕايەوە سەر ئەو ساتەى كە بەڕووتى لەسەر كانى بينيبووى، هەرچەند جارێك كە كيژانى بەخەياڵدا دەهات، لەهەر شوێنێكى دێيەكە بووايە بە ئاراستەى شوێنى كانيەكەى دەڕوانى و كەمێك رادەماو تەواوى ديمەنەكەى وەبير دەهاتەوە.**

**ئەكرەم ئەو ماوەيە چەندى كرد نە لەسەر كانى و نە لەڕێگاو بانەكان و نە لەهيچ شوێنێكىترى ئاوايى كيژانى نەبينى. هەوڵيدا ماڵى كچەكە بدۆزێتەوە، لە يەك دوو منداڵى پرسى و خانووەكەى دۆزييەوە، بەلاّم پێنەدەچوو ئاوەدانيى تێدا بێت، چەند جارێكى ديكە بەلاى خانووەكەى ماڵى كيژاندا گوزەرى كرد، بەلاّم وەك پێشتر ئاوەدانيى تێدا نەبوو، بۆيە هەستى كرد شتێك روويداوە.. حەوسەڵەى نەماو ئارامیى لەبەر هەڵگيرا، دەيويست سۆراخێكى بكات بەلاّم نەيدەزانى چۆن و لە كێ بپرسێت. دواجار لەيەكێك لە ماڵە دراوسێكانى كيژانى پرسى و وا خۆى نواند لە ڕوانگەى ئەوەوە دەپرسێت گوايە حاكمى ئاواييەو دەبێ ئاگادارى وردو درشتى**




**دێيەكە بێت، دراوسێكەى ماڵى كيژان وەلاّمى ئەكرەمى دايەوە:**

**– ماوەيەك پێش ئێستا ئەو داماوانە باوكيان نەخۆش كەوت، براكەيان كە تازە سەربازيى تەواو كردبوو، گەڕايەوەو هەموويانى لەگەڵ خۆى بردە شار.**

* * *

پێشمەرگەکان بە هاتنی جاش‌و سەربازەکانیان بۆناو دێیەکەو دەوروبەریشی زانیبوو، بۆیە ناچار ئەو ماوەیە نەهاتن بۆئەوێ‌و لە شاخەکاندا مانەوە.

چەند هەفتەیەکی پێچوو کەشو هەوا زۆر ساردی کرد، لوتکەی چیاکان بەفر دایپۆشیبوو، پەیداکردنی خواردنیش زەحمەت تر بوو، بەڵام ئالان‌و پێشمەرگەکانی شاخەکانیان جێ نەهێشت. ئەگەرچی مانەوەیان لەنێو شاخەکاندا، هەموویانی دووچاری بێزاری‌و بێ هیواییەکی زۆر کرد، بەڵام ئالان پێی وابوو ئەزموونێکی باشەو لە هەمان کاتیشدا نەچوونیان بۆ دێیەکە وا لە خەڵکەکەی دەکات شەڕە ئابڕووبەرەکەی پێشمەرگەکان لەبیر بکەن.

سەرمای شاخەکان بەیەکجار ورەی پێشمەرگەکانی رووخاندبوو، ئەوان تا پێیان کرا داری وشك‌و تەڕی شاخەکانیان بۆ





سووتان بەکارهێنا، بەڵام بەفر وردە وردە دایدەپۆشتن‌و چیتر هێزو توانای کۆکردنەوەی داریشیان نەما، کار گەیشتە ئەوەی یەکدوو پێشمەرگە لەسەرما رەق ببنەوەو شەهید بن، ئەمەش بووە هۆی هەرەسهێنانی ورەیان‌و شیرازەی پێشمەرگەکان بەیەکجاری تێکچوو.

چەند جارێك لەگەڵ بەرەبەیاندا، ئالان بۆی دەردەکەوت کە پێشمەرگەیەك یان دووان بە دزییەوە لە شاخەکان دابەزیون‌و تێیان قووچاندووەو چەکەکانیان‌و کەلوپەلەکانیشیان لەگەڵ خۆیاندا بردووە، ئالان دەیزانی ئەوان دەچن تەسلیم بە حکومەت دەبنەوە، بەڵام هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو، تەنانەت لەلای پێشمەرگەکانیش سەنگ‌و قورسایی جارانی نەمابوو، رێزێکی ئەوتۆی لێنەدەگیراو کەسیشیان فەرمانەکانیان بەجێ نەدەهێنا، بۆیە وای لێهاتبوو بە هۆی نەمانی متمانە بە پێشمەرگەکانی‌و لە ترسی گیانی خۆی، خەو نەدەکەوتە چاوانی. ئیتر درکی بەوەکرد کە بارودۆخەکەیان گەیشتۆتە ئاستێکی ترسناك‌و زۆری نەماوە داڕمێن. زۆر بیری کردەوە کە چیی بکات‌و چیی نەکات، چەند جارێك هاوڕێ نزیکەکانی بانگ دەکردو

راوێژی پێدەکرن، هەموویان وەك ئالان پێیان باش بوو شاخەکان جێبهێڵن‌و ئەگەر بۆیان بکرێ‌و هێزە سەربازییەکە لەوێ نەمابێ، بگەڕێنەوە گوندەکە بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت بتوانن کەمێك خواردن پەیدا بکەن‌و بحەوێنەوە.

هەواڵی جێهێشتنی شاخەکان خێرا لە نێو پێشمەرگەکاندا بڵاوبۆوە، ئەگەرچی برسێتی‌و سەرما تەواو بێ هێزو هیلاکی کردبوون، بەڵام بە بیستنی ئەم هەواڵە هەموویان گەشابوونەوەو بە پەلەپەلیش کەلوپەلەکانیان کۆدەکردەوە بێ ئەوەی لە راستیی هەواڵەکە دڵنیابن. رۆژێك بەر لە رۆیشتن‌و جێهێشتنی شاخەکان، ئالان پێشمەرگەکانی کۆکردەوەو داوای لێکردن چەك‌و کەلوپەلی زیادەش بەجێبهێڵن، چونکە دەیزانی هیلاکن‌و رەنگە بەم سەرماو سۆڵەیە بەرگەی باری قورس‌و رێگای دووری ناو بەفر نەگرن.

وەکو جاران ئاڕاستەی هەمان دێیان گرتەوەبەر کە پێشتر بۆی دەچوون، هیچ کام لە پێشمەرگەکان ماندوێتی‌و ئازاری جەستەیان بەخەیاڵدا نەدەهات، بەڵام هەندێکیان بیریان لەو شەوە دەکردەوە کە بۆ دواجار دێیەکەیان





جێهێشتبوو. هەندێکیان دەیانپرسی:" دەبێ خەڵکی ئاوایی ئەمجارە چۆن‌و بە چ چاوێك سەیرمان بکەن؟"، هی‌تر دەیگوت:"باشە بە چ روویەك بچینەوە ئەوێ خۆ حەیامان چووە؟". کەچی هەندێکیشیان بۆ بچووکردنەوەی ئاستی رووداوەکە جنێویان بە خەڵکی دێیەکە دەداو دەیانگوت:" وەنەبێ خەڵکی گوندەکەش ئەوەندە شەریف بن، ئەوان هەزار ئیشی قۆڕ دەکەن‌و گوێ نادەنە هیچ، کەی ئەوان ناموس‌و حەیایان هەبووە؟".

ئالان کە وەکو جاران خۆی توڕەو هێمن‌و بێدەنگ نیشان دەدا، گوێی لە بەشێکی ئەم قسانەبوو، هەندێجار لە ناخەوە پێکەنینی پێدەهات‌و هەندێ جاریش خەمی بۆ دەخواردو ئاهی بۆ هەڵدەکێشا، بەڵام خۆی وا نیشان دەدا کە ئاگای لێ نییەو خەریکی بیرکردنەوەیە لە هەنگاوی ئایندەو خەمخواردن لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ حاڵی شڕی دەستەکەی. ئەگەرچی ئەویش گەلێ جار بیری لە دیمەنەکانی رووداوەکە دەکردەوە، بەڵام کە سیمای بەهاری دەهاتەوە یاد، زۆر گوێی بە مەسەلەکە نەدەدا، ئالان بە درێژایی رێگاکە بیری لە بەهار دەکردەوە، بڕیاریدا ئەمجارە

ئەگەر بچنەوە دێیەکە لەگەڵ حاجی رەشید باسی بەهار بکاو خوازبێنیی بکات، چونکە چیتر بەرگەی دووریی ئەو ناگرێت، ئەو بیری لەوەش کردەوە کە مادام ناتوانێ ژن‌و منداڵەکانیشی لە شارەوە بهێنێتە لای خۆی، بۆیە قەیدی چیی دەکات ئەگەر ژن بهێنێت بە تایبەتیش کەسێك کە خۆشی بوێت.

بە دابەزین‌و وردە وردە دوورکەوتنەوە لە شاخەکان، بەفریش نەدەما، ئیتر پێشمەرگەکان لە خۆشیان هەندێکیان دەستیان دایە گۆرانی وتن‌و هەندێکیشیان پارچەیەك یا دووانی جلوبەرگاکانیان دادەکەندو جامانەکانیشیان کە لە دەم‌و چاویان پێچابوو، دەیان کردەوە. تینی پڕ لە نەشئەی خۆر، جەستەی ساردی ئەوانی گەرم کردەوە. دوای چەندین سەعات رێکردن، بەر لەوەی لەدێیەکە نزیك ببنەوە، هەڵوەستەیەکیان کردو چیتر نەچوونە پێش.. خۆر هێشتا ئاوا نەبووبوو، بینینی چاویش چەند کیلۆمەترێك حوکمی دەکرد. ئالان داوای لە پێشمەرگەکان کرد دانیشن‌و کەمێك پشوو بدەن تا ئەو سەیری دەوروبەری دێیەکە دەکات بۆئەوەی بزانێ سەربازو جاشی لێماوە




یان نا. چووە سەر بەرزاییەك‌و لە دێیەکەی روانی. چەند دەقیقەیەك بە دووربینەکەی دەیڕوانی‌یە ناو دێ‌و دەوروبەریشی، یەك دوو جار دووربینەکەی لادەبردو بەچاو سەیری دەکرد، تاوێك چاوی دەتروکاندو تاوێکیش زەقی دەکردەوە، دیقەتی دەدایە گوندەکە، بەپەنجەکانی چاوانی هەڵدەگلۆفی‌و پاکی دەکردنەوە، بڕوای بەوە نەدەکرد کە لە دووربینەکە دەیبینی. هەر لە شوێنی خۆی بانگی یەکێ لە هاوڕێ نزیکەکانی کرد ئەوانەی کە متمانەی پێدەکردن‌و دووربینەکەی دایە دەست‌و داوای لێکرد ئەویش سەیری دەوروبەرو ناوەوەی دێ بکات. ئەو کەمتر لە دەقیقەیەك سەیری کرد، دواتر سەیرێکی ئالانی کردو تفێکی قووت دایەوە، دووربینەکەی دایەوە دەست ئالان‌و یەك دووجار سەری بادا، بێدەنگ کەوت‌و قسەی بۆ نەکرا، روخساری کەیفسازی گۆڕا، خەمێکی قوڵ بەسەرو سیمایەوە دەرکەوت، دەمێك بەبێدەنگی دانیشت. ئالان جارێکی‌تر هەر بە دووربینەکەی سەیری ناو دێی کردەوە، بەڵام هیچ هەڵوێستێك لە روخساریدا دەرنەکەوت، چونکە نەیدەویست

پێشـمەرگەکان هەسـت بـە هـیچ شـتێکی نـا ئاسـایی بکـەن. رووی لـە پێشـمەرگەکەی هـاوڕێی کـردو بـە هێمنـی پێـی گـوت:" باسـی هیچ مەکە با جارێ کەس بە هیچ نەزانێ".

هەردووکیان لە بەرزاییەکە هاتنە خوارەوە، ئـالان کـە دەیزانـی پێشـمەرگەکان چاوەڕێی زانیـارین لەسـەر بـوون یـا نـەبوونی سـەربازو جاش، لەبەردەمیاندا وەستاو پێی گوتن:" تا تاریـك دەکـات لێـرە پشـوو دەدەیـن، شـەو دەچـینە دێیەکـەو پێناچـێت سـەربازو جاشیشـی لێبێـت". پێشمەرگەکان بەبیستنی ئـەم قسـەیە لـە خۆشـیا روویـان گەشـایەوە، هەنـدێکیان چـەند جارێـك لـە خۆشـیا دەیـانگوت:"دەم خـۆش.. دەم خـۆش". ئـیتر ئـالان کـە لـە ماندوویێتیو بێ خەویدا خـوێن زابووە چاوەکانیو بە تەواوی بێتاقەتو هیلاك بوو، لە هاوڕێکانی نزیك بۆوەو پێی وتن کە کـەمێك دەخـەوێو دوای سـەعاتێك خەبـەری بکەنەوە. ئالان سەیرێکی سەعاتەکەی دەستی کردو تاقمەکەی پشتی کردەوەو چەند مەترێك لەولای پێشمەرگەکان پاڵ کەوتو پێڵوەکانی لێکناو بە هێمنی خەوت.




پەرتـەوازەبوونی پێشـمەرگەکانیو تەسـلیم بوونـەوەی هەنـدێکیانو ئـەو بـارە سـەختو خراپـەی تێـی کـەوتبوون، زۆر ئـازاری دەدا، خـۆی زۆر بـە دڵسـۆزی پێشـمەرگەکانیو ئەرکەکانیشی دەزانی، بەڵام هەستی دەکرد کە سـەرکردایەتیو بەرپرسـانی سـەرووی خـۆی تێڕوانینێکـی دیکـەیان لەسـەری هەیـە، بـە مەزەندەی ئالان ئەوان پێیان وابوو ئیتر ئەو بە کـەڵکی سـەرتیپی نایـەو تەنانـەت پێشمەرگایەتیش بۆ ئەو زۆرە.

لـەپڕ ئـالان خـۆی لـە زینـدانێکی سەرکردایەتیدا بینیەوە، لە ژوورێکی لە قوڕ دروستکراوی بچوك توڕ هەڵدرابوو، تەنانەت پەنجەرەیەکی بچووکیشی تێدا نەبوو، ئەو برە رووناکیەی کە لە ژوورەکەشدا هەبوو، ئەوەبوو کـە لـە درزو ژێـر دەرگاکـەدا دزەیـان دەکـردە ژوورێ، لـە ژیانیـدا پـەی بـە سـەرمای وا نەبردبوو، هەمو گیانی هەڵدەلەرزی، ئەو تاکە بەتانیـەی بۆیشـی دانرابوو لـە خۆی پێچابوو، بەڵام سوودی نەبوو، قاچەکانی تەزی بوونو بڕبڕەی پشـتی لـەتاو سـەرما ئـازارێکی زۆری تێکـەوتبوو، هەڵدەسـتایە سـەرپێو شـێتانە هاتوچـۆی دەکـرد، بـەڵام تـا دەهـات زیـاتر

سەرمای دەبوو و گیانی زیاتر ئازاری تێدەکەوت، لە دەرگاکەی دەداو هاواری دەکرد، کەس بەلایدا نەدەهات و لێی نەدەپرسییەوە، هۆن هۆن دەگریاو بە دەمی پڕ لە نزاو پاڕانەوە هاواری دەکرد، سوودی نەبوو. نەیدەزانی بۆ گرتوویانەو لەو ژوورە ساردەدا فڕێیان داوە، کەس قسەی لەگەڵ نەکردبوو، کەس پێی نەگوتبوو ئەمە تاوانەکانتەو لەسەر ئەم مەسەلانە بە فەرمانی فلانە کەس گیراویت. بەیەکجار داڕووخا، لە هاتوهاوارو هاتوچۆکەشی کەوت، لە چاوەڕێ کردن زیاتر هیچی بۆ نەمایەوە، زۆر چاوەڕێ بوو، چاوەڕێی مەرگ و ئازادیو سۆراخ کردنی و کۆمەڵێك شت بوو، گوێی هەڵخستبوو بە ئومێدی بیستنی دەنگی یەکێك لەودیو دەرگاوە کە لە حاڵی بپرسێ و دەرگای بۆ بکاتەوە، بەڵام نە ئەوەو نە هیچ کام لەوەی چاوەڕێی دەکرد، نەهاتەدی.

لەپڕ گوێی لە دەنگە ناسکەکەی بەهار بوو، بەهار لەودیو دەرگاوە لەگەڵ چەند پیاوێك قسەی دەکرد، پێدەکەنی و قاقای لێدەدا، ئالان وەك شێت هەستایە سەرپێ، گوێی بە دەرگاکەوەناو یەك دوو جاریش




گوێی لەناوی خۆی بوو، شێتگیرو تووڕە، بەدەستو قاچی کەوتە لێدانی دەرگاکە، بەڵام بەهارو پیاوەکان بەریتمی ئاسایی خۆیان قسەیان دەکرد، پێنەدەچوو کەس گوێی لە دادو فیغانو هاتوو هاواری گیراوەکەو تەپو هوڕی دەرگاکە بێت، زۆری هاوارکرد: "بەهار... بەهار... کچێ بەهار بۆ وەڵام نادەیتەوە من ئالانم ئالان..".

کەس پێی نەدەزانی، بەیەکجار هیوای لێبڕاو هێزی لەبەردا نەما، خۆی بە دەرگاکەداداو دواتر کەوتە سەر زەویی ساردو سڕی ژوورەکە، بۆنی مەرگی کردو هەستی کرد لە تاو ئازاری برینی رۆحو تەنگبوونی هەناسەیو سڕبوونی قاچو دەستو تەوێڵی لە تاو سەرما، وا گیان لە دەست دەدا، مەرگ زۆری بۆ هێناو دەیویست ملکەچی بکات، بەڵام ئەو ململانێی لەگەڵدا دەکردو هەوڵی دەدا بێتەوە ژیان، ململانێیەکی سەخت بوو، بەڵام بە کۆتاییەکەی نەگەیشت.

دنیا تەواو تاریکی کردبوو کە ئالان لەلایەن هاوڕێکانیەوە خەبەر کرایەوە، قاچەکانی لەسەرما تەزی بوونو پشتی ژانی تێکەوتبوو، ئەو تاکە بەتانیەی بە خۆیدادابوو گەرمی

نەکردبۆوە، بە روخسارێکی بێزارو خەفەتاوی سەیرێکی هاوڕێکانی کردو بەدەم ئاهـ هەڵکێشانەوە یەك دووجاریش سەری بادا، ئای کە خەونێکی تەلیسماوی ناخۆش بوو.. کەمێك دۆش داماو بیری لە خەونەکەی کردەوە، وردە وردە ئارام بووەوە، ئنجا دیقەتی سەعاتەکەی دەستیداو بیری کەوتەوە کە داوای کردبوو دوای سەعاتێك خەبەری بکەنەوە کەچی قسەکەیان بەجێ نەهێناوە، دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو سەعات هەڵیانساندووە، دیمەنی گوندەکەی بیرکەوتەوە کە دواجار لە دووربینەکەیەوە بینیبووی، نێوچاوانی گرژ کردو سەیری ئەوانی کردەوە، بە تووڕەیی و کەمێك بێزاریشەوە پرسی:" باشە براینە ئەی نەمگوت تەنها سەعاتێك دەخەوم و زوو خەبەرم بکەنەوە؟!".

یەکێ لە پێشمەرگەکان پڕ بەدڵی پێکەنی و پێی وت کە چەند جارێك بانگیان کردووەو ویستوویانە خەبەری بکەنەوە بەڵام ئەو لەبەر ماندوویێتی و کەم خەوی، خەبەری نەبۆتەوە.

بزەیەکی هاتێ و خێرا هەستایە سەر پێ، تاقمەکەی بەستەوەو خۆی تۆکمەو توندو





تۆڵکرد. داوای لەسەرجەم پێشمەرگەکانی کرد ئامادەبن تا بەرەو دێ بکەونە ڕێ. وردە وردە بەپێشیان کەوت و دەستیان بەڕۆیشتن کرد.. بە وریاییەکی زۆرەوە دەڕۆیشتن و چاودێریی دەوروبەرەکەیان دەکرد، یەك دوانێك لە پێشمەرگەکان پێشی هەموویان کەوتبوون و رێگاکەیان لە پێشەوە ساغ دەکردەوە.. لەو کاتانەدا هەموویان بێدەنگ بوون و کەس ورتەیەکی لەدەم نەهاتە دەر، هەموو بیریان لای هەنگاوی ئایندە بوو، بیریان لە چۆنیەتی پێشوازی لێکردنیان لەلایەن خەڵکی ئاوایی و پشوودان و نانخواردن دەکردەوە.

تا زۆر لە خانووەکانی دێیەکە نزیك نەبوونەوە، هەستیان بەوەنەکرد کە گەیشتونەتە ئاوایی، ڕووناکی چرایان لە هیچ ماڵێکدا بەدیی نەکرد، هەموویان تاسان، لە هیچ لایەکیشەوە دەنگێك نەدەبیسترا نەهی مرۆڤو نەهی ئاژەڵیش، دیمەنێکی جەرگبڕو مەترسیدارو تۆقێنەری هەبوو، پێشمەرگەکان لەسەر راسپاردەی ئالان دابەش بوون و بەنێو ماڵەکاندا گەڕان، بەڵام کەسیان نەبینی.. بەشێکی زۆری کەلوپەلی ماڵەکان لەبەر دەرگای خانووەکان فڕێدرابوون، لە ناوەوەش

هەمووشتێك تێكشكێندرابوون‌و پەرش‌و بڵاوبوون.

ئالان بەرەو ماڵی حاجی رەشید ملی نا، بەڵام ئەویش هەمان دیمەنی هەبوو، هەرچی کەلوپەلی ماڵ هەبوو، پەرش‌و بڵاوکرابوون‌و لە ناوەوەو دەرەوەی ماڵ فڕێ درابوون.. رایکردە ناو گەوڕەکەو بەیادی بینینی بەهارەوە کەمێك روانیە ئەو شوێنانەی لێی دەوەستان‌و قسەیان لێدەکرد، کزە لە جەرگییەوە هەستا.

ئەمجارەیان خۆی پێنەگیراو گریا، هاوڕێکانی‌و زۆربەی پێشمەرگەکانیشی خۆیان بۆ نەگیراو گریان، بەشێکیان لە بێتاقەتیان‌و لە خەما دانیشتن‌و سەریان خستە نێو هەردوو ئەژنۆکانیان‌و دەگریان، کەس ماندوویێتی‌و هیلاکیی خۆی بیر نەما.. کەسیان ئاگایان لە یەکتریش نەما. ئالان کە زۆر بیری لە بەهار دەکردەوە، دەمێك گریا، غەرقی فرمێسك‌و خەم‌و حەسرەت بوو، چەند جارێك وەك منداڵ ژیر دەبووەوەو بە جامانەکەی فرمێسکەکەی دەسڕییەوە، هەنسکی دەداو دانی بە خۆیدا نەدەگرت‌و جارێکی‌تر دەستی بە گریان دەکردەوە.. بە توندی هەردوو لەپی دەستی دەخستە سەر چاوەکانی بەو ئومێدەی





روخساری بەهاری بێتەوە یادو وێنای بکاتەوە، بەڵام ئەوەشی بۆ نەدەکرا.

*        *        *

ڕووداوی دێیەکەی بەهار گەلێ کاریگەری لە ئالانو هاوڕێکانیشیکرد. ئەگەرچی ئەوان لە گوندەکەو دەوروبەرەکەشی کشانەوەو هەمدیس بەرەو ناو شاخە ساردو بە بەفر داپۆشراوەکان پاشەکشەیان کرد، بەڵام بیرو هۆشی هەموویان هەر لای خەڵکی دێ بوو کە وەك زۆر ئاوایی دیکەی کوردستان بەدەست سەربازەکانەوە راپێچی شوێنی نادیار کران.

هەستی دەکرد ئەو دیمەنەی لەدێیەکەدا بینیویەتی، خەون بووەو رووی نەداوە، بۆیە هەندێجار وا بیری لە بەهار دەکردەوە کە هەروا لە دێیەکەیەو چاوەڕێی ئەم دەکات، خەیاڵی دەچووە ناو گەوڕەکە کە رەنگە ئێستا بەهار لەوێ چاوەڕێی بکات، خەریك بوو قەناعەت بە خۆی بهێنێت کە بگەڕێتەوە دێیەکە، بەڵام دواتر کە کەوتە قسەو گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێ پێشمەرگەکانی، رووبەڕووی ئەو راستیە تاڵە بۆوەو دڵنیا بوو لەوەی کە ئیتر



تەواو، چیتر بەهار، چیتر ئەو پەریزادەیە لە دێیەکە نەماوەو خۆشەویسترین کەسی بێسەرو شوێنە.

ڕووداوەکە بارێکی دەروونیی زۆر خراپی لەسەر پێشمەرگەکان جێهێشت، بێزاریو نیگەرانیی لە ئایندەو ترس لە ئەگەرە خراپەکان، لە روخسارو سەرو سیماو ئاکاری هەموویاندا رەنگی دابۆوە.. ئالان چیتر نەیدەتوانی وەك فەرماندە رەفتار بکاتو خۆی وا بنوێنێ کە هێشتا بڕیار دەردەکات، بۆی نەدەکرا نێوچاوانی گرژبکاتو خۆی توڕە نیشان بدات، لەوانەش خراپتر چیتر نەیدەتوانی بیر لە رێگا چارەیەك بکاتەوە تا لەو بارودۆخە سەختو ناهەموارە رزگاریان بێت کە تێی کەوتبوون، بەڵکو لە هەموویان رەشبینتر، تەنها نیشانەکانی بێدەسەڵاتیو داڕووخان لە هەڵسوکەوتو سیماو قسەکانیدا بەدیی دەکرا، چونکە دواجار بۆی نەدەکرا ئەو هەموو خەمو خەفەتە بشارێتەوە کە لە ناخیدا هەبوون، چیتر دەسەڵاتی بەسەر ئەو شەپۆلە ئازارەدا نەدەشکا کە تاوتاوێك لە رۆحیەوە بە تەوژم بەشەکانی جەستەی دەتلاندەوەو

لەپەلوپۆی دەخست و دواجار لە روخساریدا دەردەکەوت.

هاوڕێ نزیکەکانی کە زۆر نیگەران بوون لە داڕووخانی ئالان، چەند جارێك بۆ بەرزکردنەوەی وورەی ئەوو هی خۆیشیان، بۆ دڵدانەوەو هێورکردنەوە، باسی گەڕانەوە بۆ سەرکردایەتیی و ڕۆیشتن بۆ ئێران و لەوێشەوە بۆ ئەورووپا دەکرد، بەڵام ئەو دەیزانی گەڕانەوە بۆ سەرکردایەتیی کارێکی زۆر زەحمەتە لەبەر دوورییەکەی و هەروەها لەبەر بەفرو سەرماو سۆڵەو بە هۆی بوونی ژمارەیەکی زۆریش جاش و سەرباز کە هەموو ڕێگایەکیان گرتووە بەرەو ناوچە ئازادکراوەکان بەسەرکردایەتیشەوە.. هەروەك بۆ ئەو چوون بۆ هەندەران مەحاڵ بوو چونکە دواجار هاوسەرو منداڵەکانی لەشار جێهێشتووەو نەشیدەتوانی وەك سەرکردەکان بنێرێ بەدوایانداو لەگەڵ خۆی بیانبات، بۆیە بیری لە ڕێگا چارەیەکی تر دەکردەوە بۆ خۆی .

ئەو کە دەمێك بوو بە هۆی خۆشویستنی بەهارەوە، ئاگای لە منداڵەکانی نەمابوو، ئەمجارە سەرتاپای بیروهۆشیان داگیرکردبوو، هەندێجار لەبەرخۆیەوە ناوی یەکە یەکە





منداڵەکانی دەگوتەوەو هەوڵی دەدا دەنگ و روخساری هەموویانیشی بێتەوە یاد.

گەلێ جار لە کاتی بیرکردنەوە لە هاوسەرو منداڵەکانی، دڵ و دەروونی بە جۆرێك تەنگ دەبوو ناچاریان دەکرد بەپەلە لە هاوڕێکانی دووربکەوێتەوەو بە تەنیا، دوور لەو ئەشکەوتەی هاوڕێکانی تێدابوون، خۆی و یادەوەرییەکانی لە شوێنێك دابنیشێت و دەمێك بیری دەکردەوەو لە بارودۆخەکەی خۆی رادەما، لە لوتکەی بەفرینی چیا دوورو نزیکەکان رادەما.

ئەو کە هەستی بە بێدەسەڵاتیی خۆی دەکرد، تەواو هیوای لێبڕابوو، رەشبینیەکی تەواو بەرۆکی گرتبوو، هەر کاتێك بیرو هۆشی بچووبایەتە لای بەهار، هەردوو چاوەکانی توند دەنوقاندو هەوڵی دەدا خەیاڵی بباتەوە سەر شتێکی دیکە، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "ئالان بەهەڵەدا چوویت، بەهەڵەدا چوویت، چیت داوە لە بەهار، چیت داوە لە عەشق و جوانیی بەهار"، ئەم دێرەی دەگوت و دەگوتەوە.

چەند جارێك ئالان لە خەم و بێزاریا خۆی لە هاوڕێکانی پەراوێز دەگرت و بۆ بیرکردنەوە لە

دۆزینـــەوەی چارەســـەرێك بـــۆ حـــاڵی خـــۆی، دەچوو لە شوێنێکی دوور لەوان دادەنیشت و بەھەموو ئەو رووداوو بەسەرھاتانەدا دەچۆوە کە خۆی لە ماوەی پێشمەرگایەتی پێیدا رەت بووبوو.

لـــەو ماوەیـــەدا چـــەند جارێـــك ھەنـــدێ لـــە پێشـــمەرگەکان بـــەجیا دەھاتنـــە لای ئـــالان و بـــەنھێنی پێیـــان دەگـــوت کـــە ئـــیتر ئـــەوان تەحەمولیان نەماوەو چیتر بەرگەی ئەم رەوشە ناگرن بۆیە دەچن تەسلیم دەبنەوە، دەچنەوە نێو ماڵ و منداڵی خۆیان، ئەویش ئەگەرچی پێی ناخۆش بوو بەڵام رێی لێنەدەگرتن و ئەو ئازادییەی پێدەدان کە چارەنووسی خۆیـان دیـــاری بکـــەن، لەبـــەر چـــەند ھۆکارێـــك گرنگترینیـــان ئـــەوەبوو ئـــەو ھەرچـــەندە ســـەرتیپیان بـــوو، بـــەڵام ھـــیچ چارەســـەرێکی پێنـــەبوو بۆیـــان، ھـــەروەك دەسەڵاتیشـــی بەســـەریاندا نەدەشـــکا و دەیزانـــی قســـەو فەرمانەکانی تا چەند بڕ دەکات، دەشیزانی تا چـەند ورەی پێشـمەرگەکانی دابـەزیوەو لـەچ حاڵەتێکی داھێزران و نالەباردا دەژین.

بـــەمجۆرە تـــا دەھـــات ئـــالان و ھاورێکـــانی، ئەوانـــەی کـــە متمانـــەی پێـــدەکردن، تێبینیـــی



کەمبوونـــەوەی ژمـــارەی پێشـــمەرگەکانیان دەکـــرد. زۆر ســـپێدەو بەرەبـــەیان کـــە دنیـــا رووناکی دەکرد، بۆیان دەردەکەوت کە دیسان پێشـــــمەرگەیەك یـــــا دووان وا تێیـــــان قووچاندووەو ئـەوانیان جێھێشـتووەو چـوونە بـۆ تەسـلیم بوونـەوە، تـا وای لێھـات ژمـارەی پێشـمەرگەکان ئەوانـەی کـە مابوونـەوە، لـە ژمـــارەی پەنجـــەکانی دەســـتێك تێپـــەڕی نەدەکرد.. ئالان ھیچ ھەڵوێستێکی ئاشکرای لەبارەی ئەم دیاردەیە نەنواند، بەڵام ھەر کاتێك پێشمەرگەیەك جێی دەھێشتن، بە خەندەیەکی خەماوی و لەرزۆکەوە بە ھاورێکانی دەگوت کە ھەڤاڵێکی تر جێی ھێشتوون.

تەســـلیم بوونـــەوەی پێشـــمەرگەکان لـــەم بارودۆخـەی ئەوانـدا بـەلای ئالانـەوە شـتێکی ئاسایی بوو، بەڵام ترسی ئەوەی لێ نیشتبوو کـە رەنگـە رووبـەڕووی گلـەیی و رەخنـەی ھاورێکانی ببێتەوە کە تا ئێستا چارەسەرێکی نەدۆزیوەتـــــەوە، زۆر لـــــەوە دەترســـــا پێشمەرگەکانی ئەوانەی کە تا ئێستا لەگەڵی مابوونـەوە، جـارێکی تر لێـی بپرسـنەوە"کـاك ئـالان چـیی بکـەین؟". بێگومـان ئـەو ھـیچ وەڵامێکی نەبوو، بۆیە گەلێ جار نەیدەتوانی

سەریشی بەرامبەریان هەڵبڕیو بەشداریی هیچ دانیشتنێك یا گفتوگۆیەکیشی لەگەڵدا نەدەکردن نەبادا بوار بڕەخسێت بۆ دروستبوونی ئەو پرسیارەو مەسەلەی دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ بارودۆخەکەیان.. تا دەهات ئالان لە ترسی رووبەڕووبوونەوەی پرسیاری هەنگاوی ئایندە، تەنانەت سڵی لە بینینی روخساری هاوڕێکانیشی دەکردەوە، وای لێهاتبوو بەبیستنی دەنگی ئەوان‌و بینینیان، نیگەرانترو زیاتریش بێ ورەو وەڕس‌و پەست دەبوو.

ئالان گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە ئەگەر خێرا چارەسەرێکی گونجاو بۆ پێشمەرگەکان نەدۆزێتەوەو لە ئەشکەوتەکەو شاخەکان دەربازیان نەکات، ئەوا ناتوانێ چیتر لە نێویاندا بمێنێتەوە، بەڵام ئەو دڵنیابوو کە هیچ چارەسەرێکی پێ نییەو هیچی پێناکرێت، بیرکردنەوەو بێدەسەڵاتی زۆریان بۆ هێناو بێزاریان کرد.

بە دوو دڵییەکی زۆرەوە، دوای نیوە شەوێکی تاریك، شەوێك کە کڕێوەی بەفر بێ رەحمانە لە ئاسمان دەهاتە خوارو شاخەکانی دادەپۆشیەوە، بەهێمنی‌و بێدەنگییەوە لەسەر



جێگاکەی هەڵسا، بە وریاییەکی زۆرەوە کەلوپەلە گرنگەکانی کە پێشتر لە کۆڵەپشتەکەیدا ئامادەی کردبوون لەگەڵ چەك‌و تاقمەکەی هەڵگرت‌و چووە دەرەوەی ئەشکەوتەکە، لەوێ تاقمەکەی بەست‌و تەواویش خۆی پێچایەوەو چەکەکەیشی کردە شانی، پێش ئەوەی هەنگاوی ئایندە بنێ، بیری لەوەکردەوە کە بچێتەوە ژوورەوەو یەك دوو چەکی هاوڕێکانی لەگەڵ خۆی بەرێ، بۆ ئەوەی کاتێك تەسلیم دەبێتەوە، چەکەکانیش وەك دیاری‌و نیازپاکی پێشکەشی حکومەت بکات تا ئەوانیش لەبری ئەوە رێزی لێبگرن یا هەر هیچ نەبێ نەیگرن‌و سووکایەتیی پێنەکەن.

ئالان پێشتر بیستبووی چەند جارێك هەندێ پێشمەرگە کە تەسلیم بوونەتەوە، بۆ دەرخستنی دڵسۆزیی خۆیان بۆ رژێم‌و وەرگرتنی پارەو پۆستی باش، هاوڕێیەکی پێشمەرگەی خۆیان شەهید کردووە یا بە گرتنیان داوە یاخود چەکی پێشمەرگەیان دزیوەو لەگەڵ خۆیان بردوویانەو داویانە بە ئیستخبارات‌و ئەمن‌و لەبری ئەوەش کراون بە ئامیری مەفرەزەی تایبەت یا فەوجی

جاشیان دراوەتێ.. ئەو بیری لەوە نەکردەوە هـیچ کـام لـە هاوڕێکـانی بکوژێـت، چـونکە دەستی نەدەچووە ئەم کارە، بەڵام بۆ دزینی یەك دوو چەك، گەڕایەوە ناو ئەشکەوتەکە.. لە ژوورەوە هەڵوەستەیەکی کردو سەیرێکی هاوڕێکـانی کـرد کـە لـە قـووڵایی خـەودان و هەریەکەشیان چەکەکەیان خستۆتە ژێر ئەو سـەرینانەی کـە لـە بـەتانی یـا کۆڵـە پشتەکانیان دروستیان کردبوو، دڵنیابوو کە بـۆی نـاکرێ هـیچ کـام لـە چـەکەکان بـەرێ چـونکە وا لـەژێر سـەریاندایەو ڕەنگـە بـە جووڵانـدیان خەبـەریان بێتـەوە. ئـالان زۆر گوێی بەوە نەدا، بۆیە ئەمجارە بۆ دواجار سـەیرێکی ڕوخسـاری سـاردو سـڕی ئـەو هاوڕێیانـەی کـرد کـە لێیـەوە دیـاربوون، بـۆ چەند چرکەیەك دیقەتی ڕوخساریانیداو بێ ئـەوەی هەسـتی پێبکـات، فرمێسـك بـە گۆناکانیدا دەهاتنە خوار، زۆر حـەزی دەکرد خواحافیزیـان لێبکـاتو هـەر هـیچ نـەبێت تێیـان بگەیـەنێت بۆچـی دەڕوا تەسـلیم دەبێتـەوە.. خێـرا پشـتی تـێ کـردنو چووە دەرەوەی ئەشکەوتەکە، ئەمجارەشیان پێش ئەوەی بەڕێ بکەوێت، هەڵوەستەیەکی کرد،



سـەیرێکی ئاسمـانی کـردو بـۆ نەهێشـتنی دوودڵـی و نیگەرانیەکـەی، ئـاهێکی قـووڵی هەڵکێشـا، بـە دەسـتی چەپیشـی کـەمێك بەفری سەر شانو سەرو نێوچاوانی لابردو ئنجا دەموچاوی بە جامانەکەی پێچایەوەو بە هێمنی و بە تەنیایی، لە تاریکایی شەودا بەڕێکەوت.

کامران عەلی

بەر لەخۆرهەڵاتن

هەر ناوێك كە لەم چیرۆكەدا هاتووە،
دروستكراوی خەیاڵی خۆمن و لە واقیعەوە دوورن

نووسەر